چیرۆکی ڕۆژنامەنووسی

# چاوەکانی تابان

یاسین قادر بەرزنجی

چاپی دووەم
٢٠٠٧ - سلێمانی

ناوی کتێب: چاوەکانی تابان
ناوی نووسەر: یاسین قادر بەرزنجی
بابەت: چیرۆکو ریپۆرتاژی رۆژنامەنووسیی
دیزاینی بەرگ: کوردۆنیا کەریم
نەخشەسازیی: رێبوار ئەورەحمان
چاپی: دووەم
چاپ: چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
ژمارەی سپاردن: (      )ی ساڵی (٢٠٠٧)

## پێشکەشە بە:

**خوشك و برا بەڕێزەکانم**
**کارمەندانی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی**
**لەگەڵ هیوای سەرفرازی و سەرکەوتنیان لە ژیاندا**

**ی. ق. بەرزنجی**

# نازدار.. یان ئەو ژنەی
# گیرۆدەی دەستی گومانە

هەرچەنــــدە ناوی نازداربوو، بەڵام دەمێــــک بوو لەناز بێبەش بوو، هەموو جارێ بۆ هەڵاتن لەتاڵیو حەســـرەتە بـــێ کۆتاییەکانی ژینی، پەنای دەبردە بەر یادەوەریی نێو مێشـــکە شـــپرزەو پڕ لەژانەکەی، هـــەر کەتەنیا دەبوو، یان ئەو شـــەوانەی بەهۆی دڵڕەقەکەی تەنیشـــتیەوە تا بەرە بەیان بەبێداری دەمایەوەو خەو لەچاوە تەڕەکانی نەدەکەوت، دەچووەوە سەردەمی منداڵیو هەڵسوکەوتی نێو ماڵە ئاوەدانو قەشەنگەکەیان، هەر جارەی لەژێر سێبەری یەک لە درەختە باڵا بەرزەکانی باخچە فراوانەکەدا ئارامی دەگرت.

بەمنداڵـــی (نـــازدار) وەک گوڵـــی پۆپەی چڵـــێ بوو، نـــازداری دایکو براکانی..

لەقوتابخانـــەدا ژیرو رووگەش، لەنێو هاوڕێکانیدا هۆگرو خۆشەویســـت.. هەرگیـــز بەدڵـــە بێگەردەکەیدا نەهاتبـــوو کەگەورەتر بـــوو مرۆڤێ ژینی لێ دەشێوێنێو بەوەڕسی ساتەکانی رۆژو شەوی بەڕێدەکات.

نازدار بۆ سێ ساڵ دەچوو دوور لەکەسوکاری، دڵ پڕ لەغەم دەیگوزەراند، مێردەکـــەی لەهەموویانی کردبوو، بۆنەیەکی زۆر گـــەورەو لێقەومان نەبوایە نەیدەهێشـــت دەرگای ماڵە باوانی واڵا بکات.. گیانی بەتەلەفۆنەکە بوو، ئەو ساتانەی هاوسەری لەماڵ دەردەفرتا، گوێیەکی لەدەنگە بەسۆزەکەی دایکی، یاخود لەوشە ئەفسوناوییەکانی باوکی دەبوو.

چی بکا، چارەنووســـی وەهایەو خۆیشـــی دروستی کردبوو.! کۆڵی دابوو باسی (جەمال)یان بۆ بکات.. باسکردن چ دادێکی ئەو دەدات، بگرە غەمەکانی قورستترو چاوەکانی پڕ لەئەسرین تر دەکات..

سێ ساڵ بوو روو لەئاسمان نزای خۆی دەگەیاندە پەروەردگارو دەیووت: خودایە، رزگارم کە لەم ژیانە، بۆ من چیم کردبوو؟!

هەموو جارێ لەخۆشی دەپرسی:

ــ ئێ باشـــە کەی رزگارم دەبێ، کەی وەک مرۆڤ هەناســـە دەدەم، کەی

ئەم ناموبارەکە دێتە سەر ڕێو بڕوام پێدەکات؟! کەی..

نازدار بۆ ئەوەی لەزیندانی ماڵەکەیدا نەمرێ، بۆ ئەوەی ئاهێکی پێدابێتەوە، لەنێوان چەند هەفتەیەکدا بۆی هەبوو بۆ تەنیا ساتێک بچێتە ماڵی گوڵستانی هاوسـێی، بەهەمان شـێوە مانگی جارێک ئەو ژنە بەڕێـزەش (لەنەبوونی جەمـال دا) دەهاتە سـەردانی، نازدار بەڵێنی دابووە مێردەکەی، کەباسـی ژیانی بەختەوەرییان بۆ دراوسێکەی بکات، دەبێ لەدڵپاکیو بەخشندەیی ئەو بدوێت!!.

بەڵام ژنان لەسیمای یەکتردا تاڵیو شیرینی ژینیان دەناسنەوە.. گیانێکی بەو دەستە خوشکەی بوو، ڕۆژێک دوای هەواڵ پرسینو خواردنەوەی شەربەتی دەستی نازدار، دراوسێکەی رووی تێکردو پێی وت:

ـ خوشـکی خـۆم خەفەت مەخۆ، هەر ئەو وانییە، بـەو خودایە چونکە زۆربەیان پاک نین، چونکە ئەم ژیانە بەتاپۆی خۆیان دەزانن، هەموو شـتێ بەحەڵاڵی خۆیان دەزانن، هەموو خۆشـییەکی ژیان بەشایانی خۆیان دەزانن، ژن لەگەڵیاندا ناحەسـێتەوە.. خوشکی بەدبەختم خەمت نەبێ، هەر تۆ نیت کە بەدەست مێردی بەگومانو دڵپیسەوە دەناڵێنیت، خەڵکی تریش زۆرن..

نازدار هەناسەیەکی گەرمی هەڵکێشاو چاوی بڕییە میوانەکەی:

ـ نا گوڵستان خان، بڕواناکەم کەسێکی تر هەبێ بەوێنەی ئەم..

ـ بـڕوا بکـە.. دەبا بۆتی باس بکـەم، لەم ڕۆژانـەدا لەدائیرە ژنێک کە لەپەڕەی گوڵ پاکترەو کچی خانەوادەیەکی بەڕێزیشـە بۆمی گێڕایەوە وتی، جارێکیان مێردەکەم لەسـەفەر بوو، بەرەبەیانـێ کەچاوەڕوانی گەڕانەوەیم نەدەکـرد لەپڕێکدا دەرگای مـاڵو ژووری کردەوەو خـۆمو دوو کلۆڵەکەی تۆقاند.. چاوەکانی لەپڵنگی هار دەچوون، بەهەناسە بڕکێوە تەماشای ماڵی کردو دواجار هیلاکیی ڕێگای دوور خەوی لێخست.. دەزانی بۆ وایکرد؟

ـ بۆچی؟

ـ بەخەیاڵی خۆی لەنەبوونی ئەودا یەکێک هاتووەتە ماڵی!

ـ دەی خوایە لەناوی بەریت.. باشە ژنە ئەمەی چۆن زانیوە؟

ـــ دوا براوەکـــەی مێردی هەر خـــۆی لەکاتی مەســـتیدا پێـــی وتووە کەلەسەفەرەکەیدا وا بەدڵیا هاتووە ژنەکەی دۆستی هەبێو سەری لێبدات!

❋ ❋ ❋

نازدار بەقســـەو باســـەکانی گوڵســـتان نەک هێور نەدەبـــووەوە، بەڵکو وەک بورکانێ دەروونی تاوی دەســـەندو دەتەقییەوە.. قســـەی بۆ هاوســـێ خەمخۆرەکەی کردو وتی:

ـ شتێکت بۆ دەگێڕمەوە، بەڵام با هەر لای خۆت بێ، بەر گوێی بکەوێتەوە دەمکوژێ، گوڵســـتان گیان، خوا بەو سەرەوە ئاگادارە جێی شانازیی باوکو کەسوکارم بووم، هەرگیز کەســـێ بەدڵمدا نەهاتووەو یەکەمین جار توانیومە قســـە لەگەڵ جەمال دا بکەمو وەک خۆشەویســـتی خۆم بیدوێنم.. لەبری من هەر قوربەســـەرێکی تریـــش بوایە خەڵکی دەهاتنە داوای، کە گواســـتمیەوە وەک فریشـــتە خۆی پێ ناساندم، رازی خۆمم بۆ هەڵڕشت، پێم وت دووجار خوازبێنیـــم کراوە، جارێک کوڕە دراوســـێو جارێکیش هاوڕێیەکی دائیرەکەی خـــۆم، ئیتر ئاگری گرتو بڕوای پێم نەما.. دەیووت دەبێ بۆمی باس بکەیت چیت هەبووە لەگەڵیاندا، هەروەها دەیووت باشـــە گەر شـــتێ نەبووبێ چۆن دەهاتنـــە داوات.. بەقوربانـــت بم، چەند مانگێ لەمەوبەر هاتەوە ســـەر ئەو باسەو نیوەڕۆیەک دەستم لەنانەکەدا بوو لێی کردم بەقوزەڵقورت، وەک دڕندە پەلاماری دامو هەموو گیانی شـــینو مۆرکردمەوە، بـــڕوا بکە تا هەفتەیەکی رەبەق نەمدەزانی لەسەر کام لا پاڵ کەوم، هەموو گیانم دەیزریکاند.

ئەوەی وتو هەردوو گۆنای بەفرمێســـکی چاوەکانی تەڕبوون.. گوڵستان بەغەمبارییەوە دڵی دەدایەوەو سوودی نەبوو..

❋ ❋ ❋

نازداری بێ ناز، رۆژ لەدوای رۆژ رەنگ پەڕیوتر، هەناســـە ســـاردتر، بێ ئۆقرەتر، بەدەســـت پیاوە گیرۆدەکەی دەســـتی گومانەوە ئـــازاری دەدیو

خەمی دەخوارد، هەموو جارێ بۆ راکردن لەماڵە خامۆشـــەکەی، دەچووەوە بۆ ســـەردەمی منداڵـــیو کچێنی خۆی، هەموو جارێ دەســـتی دەکردە ملی یادگارییەکانیو لەگەڵ کەسوکارەکەی خۆیدا پێدەکەنیو لەباخچە جوانەکەی ماڵی باوکی دەیڕوانییە درەختە سەوزەکانو رووە ئارامو گەشەکان.

# چاوەڕوانی..
# یان بەڕێکردنی ساڵە مردووەکانی ژیان

گەر کچە چوار ســـاڵانەکەی نەبوایە، ســـاتە مردووەکانی ژیانی، ئەمیشی دەگۆڕی بەجەستەیەکی خامۆشو دوور نەبوو بەیەکجاری ماڵئاوایی لەو ژیانە بکردایە کەبەدۆزەخی دەدی..

(دڵنیا) بەنازو نیعمەت پەروەردەکرابوو، بەر لەوەی باوکی ڕەحمەتیی بۆ دواجـــار ماڵە پڕ لەڕووناکییەکەیان جێبهێڵێت، دڵنیا هەروەکو براکانی پارەی باشی بۆ دانرابوو و زەویو موڵکیشی بەناوەوە تۆمار کرابوو..

هەرچەنـــدە یەکێک لەبراکانی، یـــان لەخزمەکانی بیانویســـتایە گلۆڵەی خەمەکانی بۆ شیبکەنەوە، سەری گلۆڵە دەدۆزرایەوەو دەیانووت:

ـ مەینەتیو چارە ڕەشـــی تۆ لەو ڕۆژەوە دەســـتی پێکرد کەچارەنووسی ژیانی خۆتت دایە دەستی کابرایەکی نەدیوونەناس.!

دڵنیا تەنیا بەفرمێســـکی چاوە بەقووڵاچووەکانی وەڵامی دەدانەوە، ئیتر دەســـتی دەکردە ملی یادگارە تاڵەکانیو دەگەڕایەوە بۆ دوا ڕۆژەکانی زانکۆ، ئەو دەمانەی نەو هەر گوڵێ بـــوو لە گوڵزاری کۆلیژەکەیداو بەڵکو چنارێکی باڵا بەرزی نێو باخچەی هەموو زانکۆکەی بوو..

منداڵە شـــیرینەکەی خەواند، لەژێر ســـەرینەکەیدا پاکەتو چەرخەکەی دەرهێنا.. نەفەســـێکو دووانو ســـیان.. هەموو جارێ چاوە وردەکانی شوێن دووکەڵی ڕووەو هەوراز دەکەوتن..

ئیتر دەنگە گڕەکـــەی (ئارام) دەهاتنەوە گوێی، هەمـــوو گیانی دەبووە هەست..

ـــــ گوڵەکەم، بڕوات هەبێ بەژیانێک شـــاد دەبین هەرگیز لەم کاولبووەدا نەبێ.. ئەوەی عەقڵی هەبێو قاچـــی چوونە هەندەرانی هەبێت ئەم وێرانەیە جێدێڵێ.. چی بکەین لێرە، بەچی بژین، ئەوەی هەمانە بەشـــی دوو ساڵمان ناکاتو دەکەوینە سەر ساجی عەلی..!

ـ باشـــە ئارام، ئەی بۆچی کەســـانێ کەســـاڵانێکی زۆریشە لەدەرەوەن دێنەوەو باسی دڵتەنگی خۆیان دەکەن، دەڵێن غەریبی کوشندەیەو هەناسەی لەبەربڕیوین..

ـ نـــا وانییە، درۆ دەکـــەن، دەیانەوێ هەر خۆیان شـــیلەی بەختەوەریی ئەوێ بنۆشـــن، ئەوانەی وا دەڵێن خۆپەرستن، چاوەکەم، ئێمە لێرە هەمیشە ترسی شەڕوماڵوێرانیمان هەیە، کەس نازانێ رەوتی ئەم هەرێمە بەرەو کوێ دەچێ؟!

* * *

دەیویســـت هەر چۆنێکە هەلی بۆ بڕەخســـێو بگاتە ئەوروپا، دەیویست بەیەکجاری ماڵئاوایی لەو ماڵەی بکات کە تەنیا ساڵێکە بووەتە مەڵبەندی پڕ لەسەرفرازیی (دڵنیا)و بووەتە لانەی تەگبیرو پیلاندانانی (ئارام) بۆ سەفەری هەتا هەتایی..

لەزانکـــۆ دڵیـــان دابوو بەیەکتر، بـــەڵام لەنێو ماڵەکەیانـــدا کەهەر دوای مارەبڕینی دڵنیا دروستیان کردبوو باس هەر باسی دەرەوە بوو.!

ژنە دوای ســـاڵێ لەژیانی ژنو مێردییان رووی پرســـیاری دەکردە ئاراموو دەیووت:

ـ چ رەوایە تۆ بڕۆیتو منو کچێک بەتەنیا جێ بمێنین؟!

ـ قەیناکە، ماڵی باوکتو ماڵی باوکم چاودێریتان دەکەن، خۆیشم هەمیشە بەتەلەفۆن قســـەت لەگەڵ دەکەم، تۆ هەر ئـــاگات لە (رازەخان) بێتو ئیتر دەبینی چۆن چۆنی خەونەکانمان دێنە دی..

ئارام هەر چۆنێ بێ دڵە سافو بێگەردەکەی (دڵنیا)ی رازی کرد، ئەویش پارچە زەویی بۆ فرۆشـــتو هەندێ لەئاڵتوونەکانـــی بۆ کردە پارەو هەمووی کردنە چنگی مێردەکەیەوە..

پاش دوو مانگ، دەنگە دوورەکـــەی ئارام لەتەفۆندا دڵنیای راچڵەکاند.. هەموو زانییان بەموورادی دڵی شادبووەو گەیشتووەتە شوێنی مەبەست..

* * *

هەفتەو مانگەکان تێ دەپەڕین، بووە ساڵو دووانو سیان. ئەو لە وڵاتێکی ئەسکەندەنافیای بەفرینو ئەمیش لەکوردستانی پڕ لە چاوەڕوانی..

ئەو میوانی سەرخوانی حەزەکانیو.. ئەمیش گیرۆدەی ژیانێکی تەنیاییو بەڕێکردنی ساتە مردووەکانی ژیان..

ئەو مرۆڤێکی بێ غەمو.. ئەمیش ژنێکی دڵ پڕ لەغەم.. ئەو ئاوارەی نێوماڵێکـــی بێ ژنو ئەمیش بەخێوکەری کچۆڵەیەکی نیمچە هەتیوو دوورلەنازی باوک..

لەســـاڵی چوارەمی ســـەفەری دووروودرێـــژی ئارامەکەیـــدا هەواڵی وەک بروسکەیەکی جەرگبڕ ناخو دەروونی هەڵتەکاند..

هەواڵ وتی (ئـــارام جارێکی تر نایەتەوە، ئەو بەیەکجاری کوردســـتانو ئێوەی جێهێشـــتووە، دەبوایە لەزووەوە بتانزانیایە، کەسێ بەزۆر بەتەلەفۆن بیدۆزنەوەو باکی کچەکەشـــی نەبێ، ئیتر کەی دێتەوە لای ژنو وڵاتی، یاخود چـــۆن دەتانباتە لای خـــۆی، ئەوێک کەهەموو ئاکارێکـــی وەک خەڵکی ئەو وڵاتەی لێ هاتبێ، چۆن چۆنـــی دێتەوەو بەهەوای ئێرە خۆی تەنگە نەفەس دەکات..!).

* * *

کار وایلێهـــات، بەتەلەفۆنیش دڵنیا مێردە دوورەکەی بۆ نەدەدۆزرایەوە.. لەوێوە، ماڵە ناســـیاوێک دڵیان پێی سووتا، ژنەی ئەوێ لەسەرخۆ پێی وت (خوشکی من، لێرە مێردەکەت ژنی هێناوە، چی دی چاوەڕوانی مەکە..)!

* * *

لەوســـاتەوە تا ئەمڕۆ، کەبۆ چەند مانگێـــک دەچێ، دڵنیا بڕیاریداوە ئەو مرۆڤە بەوێنەیەکی رەشـــی بیرەوەرییەکانی بزانێت، بڕیاریداوە لەژیانی خۆیدا دەری بکاتو تەنیاو تەنیا، رۆژگارو شـــەوگاری بە (راز)ی کچی چاوگەشـــی بسپێرێتو.. هەموو ژیانی بۆ پەروەردەکردنی ئەوو پەشیمانیی لەهەڵبژاردنی شۆڕەسواری خەونەکانی تەرخان بکات..!



# ڕاوەکانی تـــابـــان

تەمەنی لەچل هەڵکشابوو، بەڵام چاوەکانی هەر گەشو جوان، خەڵکی دێ بەگەورەو بچووکەوە ڕێزیان لە (تابان) دەگرتو هەر کەباســـی جوانیی بکرایە باس دەهاتە سەر جووتە چاوە ڕەشو گەشەکەی ئەو..

لەناوەوە زۆرجار بۆ بەختی سوتاوی دەگریا، هەر کەباسی (جەزا) بکرایە چاوەکانی دەبوونە ســـەرچاوەی فرمێســـکو بۆ ساڵانی گەنجێتیو بۆ ساڵانی لەیەکتر دابڕان دەگریا.

کەسوکارو هاوڕێیانو دەستە خوشـــکانی دەیانزانی چ زوڵمێکی لێکراوەو بەچ شـــێوەیەک خۆشەویســـتەکەی لەگۆڕنراوە! هاوڕێـــی وای هەبوو دایکی چوار منداڵ بوو، بۆ ســـاڕێژبوونی زامی جەرگی دڵنەوایی دەکردو دڵخۆشیی دەدایەوەو پێی دەووت:

ـــ بیر لەچی دەکەیتەوە، بەو خودایە گـــەر لەماڵە مێردا بوویتایە کۆڵێ غەمی تر لەلات بارگەی دەخستو لەژیانی خۆت نەدەحەسایتەوە..

هەروەها پێیان دەووت:

ـ گەر ئەو پیاوە بەنســـیبت بووایە ئێســـتا وەک ئێمە دەبوویتە پیرێژنی ڕەزا گران، ئەها منداڵ چۆن پیری کردووین..! دۆعای خێری بۆ بکەو جێگای بەهەشت بێ..

❊ ❊ ❊

چوار مامۆســـتای قوتابخانەی گوند، هەر هەموو خەڵکی شاربوون، دەمەو ئێوارەی بەهار، لەو کاتەدا کەدنیا شـــین دەینواندو هەموو شتێ شیرین بوو، لەدوای ســـێبەری بەر لەماڵئاوایی کردنی یەکجاریی خۆردا، بن دارێکی سەرو قـــژ پڕو بەدیمەنیـــان هەڵدەبژاردو دادە تابانی خۆیان دەرگای باســـێکی بۆ دەکردنەوە..

ڕۆژێکیان یەک لەمامۆستاکان پێی وت:

ـ دادە گیان، خەڵکی شـــار تا نەیەنە گونـــدو خەڵکی وەک ئێوە نەبینن نازانن چ گەوهەرێ لەنێو کـــەژو کێوەکانی وڵاتدا هەن، نازانن چەندە مرۆڤی

ژیـــرو جوانو رەنجدەر، بەژنو پیاوەوە لەم شـــوێنانە وەرزەکان بەرێدەکەنو ژیان جوانترو بەپیت تر دەکەن.

یەکێکی تریان پێی وت:

ـ هـــەر چەندە دەچمـــەوە لەماڵەوە باســـی جوانیو عاقڵـــی تۆیان بۆ دەکەم..

بەنەرمە پێکەنینەوە تابان وەڵامی دایەوە:

ـ دەبەسە کچێ، با لەخۆم بایی نەبم، کەی من جوانم!

مامۆستای سێهەم پەلاماری لەچکەکەی سەری داو پێی وت:

ـ دەتۆ ئەمەش لابە ئینجا هەر خۆم دەزانم چەندە جوانیت.

تابان میوەی دەخستە بەردەستی مامۆستا شارییەکانو سەرەتای باسێک دادەمەزرا..

ـــ کچینە، دەترســـم گاڵتەم پێ بکـــەنو دوایی بڵێن کچی لادێ ســـەر لێشێواوە..

بەڵام خوا ئاگای لێیە خۆشەویســـتی لەسەر ئەرزو لەگوێ رووبارو لەقەد پاڵی ئەم کێوانەی ئێمەدا ســـەوز دەبێ، ئیتر خۆشەویســـتی مرۆڤ بێ یان شۆڕشو وڵاتو هەموو خەڵکی..

غەمێکی قورس دایدەگرت، هەموو خۆشیاندەویستو دەیاندواند، ناچاریان دەکرد بکەوێتە گێڕانەوەی بەسەرهاتو هەڵڕشتنی بەشێک لەغەمەکانی..

ئەو رۆژە تابان بەجووتە چاوە گەشـــەکەیەوە دەنگی بەســـۆزتر دەهاتە گوێ، لەسەرخۆ قسەی بۆ هاوڕێ شارییەکانی دەکردو دەیووت:

ـ کچینە، جەزا رۆژانی پێنج شـــەممەو هەینی لەپشووەکانی قوتابخانەدا دەهاتەوە ئاوایی، هەمیشـــە هێمنو ژیرو خۆشەویســـت بـــوو. کەبۆ خوێندن چووە بەغداو دوورکەوتەوە، کەمتر سەری دەدایەوەو بەدووریی ئەو بۆشاییەک لەدێکەماندا دیار بوو، جێگای چۆڵ بوو، زۆربەمان بیرمان دەکرد، بەتایبەت منی بیست ساڵ، کەدڵم تەنیا ئەوی خۆشدەویست، جارێک بۆ سەردان گەڕایەوە، ئێمە لەلادێ ماڵ بەماڵەوەو هەموو تێکەڵین، شەرم نییە گەر سەردانی یەکتر بکەیـــنو بۆ بەخێرهاتنەوە بچینە ماڵی یەکتـــر، منیش چوومە لای، رێکەوت

هـــەردوو بەدوو بووین، فەرمووی لێکردم بۆ هەیوانو دوای خواردنەوەی دۆی دەستی جەزا، بەچاو رازی دڵمان بەیەکتر دەووت، سەرنجمان هەر لای یەکتر بوو، ئیدی ئەو درکاندیو وتی:

ـ تابان گیان، ســـاڵ زیاترە ئەمەوێ باسێکت لا بکەمەوەو نهێنی خۆمت پێ بسپێرم..

ئەو وای وتو من هەموو گیانم نیشـــتە ســـەر ئاو، زمانم گۆی نەدەکرد، وامدەزانی باوکو براو کەسوکار گوێمان لێدەگرن.. لەخۆمەوە دەترسام.. ئیتر لەســـەر قســـەکانی بەردەوام بوو، وتی (چاوەکانم، ئەمساڵ لەیەکی زانکۆمو لەساڵی چوارەمدا دێمە داوات، کەدەرچوومو گەڕامەوە دەتگوازمەوە..)، یەک لەمامۆستاکان پێی وت:

ـ ئەی تۆ.. ئەی تۆ وتت چی؟

ـ چی بڵێم، قســـەکانیم پێ خۆشبوو.. بەڵام شەرم زمانمی بەندکردبوو، نەیدەهێشت وشەیەک بدرکێنم..

ـ ئێ پاشان..

ـ ئەو رۆژە لەیەکتر جیابووینەوە، بەرۆژ هەمیشە لەبەرچاوم بوو، بەشەویش میوانی خەونەکانم بوو.. سەفەری زۆری دەخایاندو کەدایکی یان خوشکەکەی دەیانووت جەزا فڵانە رۆژ دێتەوە، ئیتر خۆم دەڕازاندەوەو چاوم رەش دەکردو چاوەڕوانی دەبووم.. کەئۆتۆمبێلەکە دەگەیشت بەهەموو هەستمەوە پێشوازیم لێدەکرد.. هەر بەچاو بەیەکترمان دەووت (دیمانەت بەخێر)، کەدوو بەدووش بەیەکتر دەگەیشتین، من دەمووت:

ـ بەخێربێیتەوە میوانی ئازیز..

ئەویش دەیووت:

ـ چاوو دڵم، بەقەد هەموو خەڵکی دێ بیرت دەکەم..

ئیتر قورگی دەگیراو بەچاوی تەڕەوە ســـەری بەســـەر ئەژنۆکانیدا شۆڕ دەکردەوە..

* * *

شـــریتی یادگارەکانی درێژبوو، روبـــاری غەمەکانی بێ کۆتایی بوو، تابان

بەگێڕانەوەی بەســـەرهاتی خۆیو خۆشەویستە ژیرەکەی، ئەوەندەی تر خۆی لەلای کچە مامۆستاکان شیرین کردبوو..

ئـــەوان لێی نەدەگەڕان، دەیانویســـت تابان خانی خۆیان لەکۆســـتەکەی بدوێ، دەیانویست باسی دوا دیداری خۆیانیان بۆ بگێڕێتەوە..

ـ ســـاڵ هاتو ڕۆیی، جەزا بەموورادی دڵی شـــادبوو، خوێندنی تەواوکردو لێرە ئاهەنگمان بۆ کرد.. ساڵێک بوو عێراقو ئێران شەڕیان بوو، ئاگری شەڕ زۆر شـــوێنی دەسووتاند، نەمدەزانی ئەو شـــەڕە نەگریسە ئاگریش لەبەختو عومری من بەردەدا، چەند مانگێ دوای ئەوەی منی نیشانەکرد کرا بەسەرباز، وەک ئەوەی پەلەیان بێ بەزوویی بیکەن بەتەنوری مەرگدا گواســـتیانەوە بۆ سەر سنوور..

درەنـــگ دەهاتەوە، هەنـــدێ جار نامەی دەنـــاردەوە، زۆربەیانی بۆ من دەنووســـی، بەڵام کوێرایـــم دایێ ئەوەندەی نەبـــرد بەزامداری برایە نەخۆشـــخانەیەکی بەغدا، بەپاسێک چووینە سەردانی، زمانی لەگۆ کەوتبوو، بەچاو پێی دەووتم (خوا سەبەبکارمان بگرێ).. بەچاو پێم دەووت (قوربانت بم چاک دەبیتەوە، قەزای تۆ لەمن کەوێ)...

بەدەم گریانـــەوەو بەدەم دڵدانەوەی لەلایەن ئەوانـــەوە، هەموو بەچاوی تەڕەوە دەیانڕوانییە تابانی دێ..

دوا قسە بەزۆر لەزاری هاتە دەر..

ـ بەقوربانتان بم، زۆری نەبردو مرد.. بەڵام کاغەزەکانی پڕ لەجانتایەکی بچووکنو لەلام ماون.. ڕۆژی دەتاندەمێ بیانبینن، ئەوســـا دەزانن چ عەشقێ لەنێوانماندا بوو. دەزانن چ نەگبەتییەک بەرۆکی گرتین..

تابـــان چاوەکانی هەر گەشو جـــوان، خەڵکی دێو مامۆســـتاکانی دێ ڕێزیـــان لێ دەگرت.. هەر کەباســـی جوانی بکرایە باس دەهاتە ســـەرجووتە چاوەگەشەکەی.. کەباسی بەدبەختیش بکرایە هەر باس دەهاتە سەر ئەو.

---

*لەبەرهەمی تەلەفزیۆنی گەلی کوردســـتان/ کەناڵی کۆیەو لەسیناریۆو دەرهێنانی هونەرمەند ڕەوەز مەولود، لەفێستیڤاڵی کورتە فیلمی ساڵی ٢٠٠١دا لەسلێمانی نمایش کرا.

بۆ لەوەی سکڵام
بەرمە گڵەوە

بەدەم خزمەتی سیانەوە، سێ کچی وەک دایکە کڵۆڵەکەیان چارە رەشو پاش تەواوکردنی ئیشـــوکاری رۆژانەی نێو ماڵ، بۆ ســـاتێک لەنێو جلەکانیدا دەفتەری پێچراوەی دەردەهێناو دەکەوتە نووسینو رەشکردنەوەی لاپەڕەکان، گەلێ جار دەروونی وورووژاوو بیری پەرتوبڵاوی وشەو دێڕیان پێ دەکوژانەوەو دوای ئەوان شتی تری نێو بیرو خەیاڵی تۆمار دەکران..

(بەیـــان) ماوەیـــەک بـــوو رۆژانە لاپەڕەیەک یـــان زیاتـــری لەژیانی پڕ لەکوێرەوەریـــی خۆی دەنووســـییەوە.. ئەمانەی بۆچیو بۆ کێ دەنووســـی، خۆیشی نەیدەزانی..

دڵنیاش بوو لای ئێمە نەبووە بەباو پیاوانیش یاداشتی خۆیان تۆمار کەن، چ جای ژنانو کچانی بەشمەینەت.

بەڵام هەرچۆنێک بوو، تۆمارکردنی رازە شاراوەکانی نێو دڵە گەرمەکەی، بۆ خۆی هەناسەدانێک بوو..

رۆژێکیـــان، دوای خاوێـــن کردنـــەوەی ماڵەکـــەی، کچـــە بچکۆلەکـــەی بەیارییەکانیەوە خەریک کرد، مەزەندەی ئەوەی کرد کەجارێ دوو ســـەعاتی مـــاوە بۆ هاتنەوەی دوو کچەکەی قوتابخانەیو نـــان ئامادەکردنی نیوەڕۆش دیسانەوە بەبەریەوە ماوە..

دەفتەرەکـــەی دەرهێناو توندنوســـاندنی بەڕانیەوە، ســـەری بەســـەردا شۆڕکردەوەو نووسیی:

ـ ئەمڕۆ دێمە ســـەر باســـی گەورەترین ئازاری ژیانم، بەر لەوەی سکالآم بەرمە گڵەوە، لێرەدا باسیان دەکەم، دێمە سەرباسکردنی ئەو زامەی هەرگیز ســـاڕێژ نابێ، بەڵی باســـی منداڵەکانم دەکەم.. ئەوانەی بەویستی پیاوەکەم هاتنە ژیانەوەو هەر لای خۆیشی چارەگرانو رەزا تاڵنو خۆشی ناوێن..!

من دڵم بەهەرسێکیان خۆشـــە، بەجوانترینو بەنرخترین دیاریی خودایان دەزانم لەســـەر زەوی، بەڵام لەوە دەترســـم کەگەورە بـــوون ئەم کۆمەڵە بێ

بەزەییە ژیانیان لێ تاڵ بکەن، دەترسم وەک دایکە قوڕ بەسەرەکەیان ژیان بەرنەسەر..

پێشتر نووسیم چ رێکەوتێ منی ناساند بەباوکیانو چۆن چۆنی کەسوکارم رازی بوون بمدەنە ئەو پیاوە، پاشان باسی ئەوەشم کردوە کەهەموو هیوایەکم ئەوەبوو لەژێر ئاسمانی ماڵەکەمدا ژیانێکی ئاسوودە بەرمەسەر..

بەڵام هەر کەگریانو دەنگی کۆرپەی یەکەمم گوێیان زرنگاندمەوە، لەگەڵیا خورتەو بۆڵەی مێردەکەشم بووە بەرنامەی رۆژانە.. ئەو چارەی کچی نەدەویست، حەزی لەکوڕبوو، بەناچاری نەبووایە تاوێک کچەکەی نەدەگرتە باوەشی.. لەباوکی نەدەچوو.. بەڵام کاری خوایەو رامکێشا..

هێشتا ئەو هەراش بوو کەڵکەڵەی منداڵی دووەم لەکەللەی دا.. هەرچەندە وتم ئاخر بۆ چیمانە، خۆ ژیانەکە خۆی ئەوەندە خۆش نییە، ئاخر بۆ غەمو پەژارە بێنە دنیاوە زیادن، بۆ چارەنووسی ژیانی وڵاتێکی پڕ لەشەڕو بەدبەختی بێنە دنیاوە هەر زیادن، بەڵام بڕیاربوو، دەیویست ببێتە باوکی کوڕ..

خوا منداڵی دووەمی پێداینو لەنەگبەتیو چارە رەشی مندا هەر کچ بوو، لەبری شادیی ماڵەکەمان وەک پرسەی لێهات، نەک هەر ئەوە، بەڵکو باوکی خۆیشم لۆمەی دەکردم.. پێی دەووتم ناهەقی نییە، کڵۆڵ ئەم هەموو کچەت بۆ چییە؟! دەتەوێ پاشەڕۆژ ماڵت پڕ لەئاژاوە بێت..

مێردەکەشم زوو زوو دەیگووت:

ـ کێ لەسایەی کچدا حەساوەتەوە، هەرچی فیتنەی ئەم سەر زەمینە هەیە هەر مێینە دەینێنەوە..!

لێی دەپاڕامەوەو دەمووت:

ـ خوا بناسە، ئەی تۆ خۆشت لە ژن نەکەوتوویتەوە..!

ئەو رووی خۆشی بەکچەکان نەدەدا.. بەڵام بێ عاربوو، لەگەڵ ئەو هەموو رقەیدا لەکچ، مەراقی دروستکردنی منالێکی تری بوو.. چوومە لای دکتۆر، پرسیارم کردو پێی وتم: غەمت نەبێ، رەگەزی نێرو مێ هەر بەهۆی باوکەوە دەبێ، باوکان خۆیان هۆکاری دروستکردنی کوڕ یان کچن.

نەمدەوێرا وای پێ بڵێم، ئەوەندەی تر ئاگری دەگرت.. بەر لەوەی منداڵی سـێهەم بێتـە دنیاوە، خوا خوام بـوو بمرمو رزگارم بـێ، نەمدەوێرا بچمە خەسـتەخانەو فەحسـێ بکەم، دوعام دەکرد خوا لێمی بسـتێنێ، چونکە دەمزانیو دڵم خەبەری دابوو کچ دەبێو ئەمجارەش چیم پێ دەکرێ.. دەمزانی زۆر شـەو بەدەم هەڵڕشتنی فرمێسکەوە رۆژ دەکەمەوە، لەبەرچاوم بوو چۆن بەسەرما دەشیرێنێو قسەی سووکو ناشرینم پێ دەڵێن..

پێشبینی من هاتەدی.. لەشەوێکدا کەئاسمان بەچەخماخە رۆشن دەبووەوە، ئەو کاتەی باران بەلێزمە دەباری گەیەنرامە نەخۆشخانەی منداڵبوون..

لەترسـی ئەوەی ناوسکم، هەموو گیانم وەک شۆڕەبی دەلەرزی.. خۆم بۆ نەدەگیرا.. نیوەشەو بوو دایکم نێوچاوانی ماچ کردمو تەماشام کرد فرمێسک لەچاوەکانیدا قەتیسمابوو..

بەر لەوەی لێی بپرسـم چی بوو، ئـەو بەچاوەکانی پێی وتم کچت بوو.. ژانی منداڵ بوون گەلێ کەمتر بوو لەژانی نێو دڵم.. دەمزانی سبەی کەبرامەوە ماڵ، لەبری پێشوازیی رووی گرژ تێم دەڕوانێو بەدەستی بێ، کچە داماوەکەش لەناو دەبات..

سستەرەکان پیرۆزبایی سەلامەتی خۆمو لەدایکبوونی کۆرپەیەکی جوانیان دەکردو وەڵامم نەبوو.. کچە گەورەکەم بەروومەتما دەنووساو وەڵامم نەبوو..

دەنگو گریانی کۆرپەکە لەمێشکمدا دەنگیان دەدایەوەو وەڵامم نەبوو..

بۆسبەی برامەوە ماڵ، ئەوەی شەوی درێژی رابردوو بەمێشکمدا دەهاتنو دەچوون هاتنە دیی.. ئەوەی لێی تۆقیبووم بەچاوی خۆم بینیم..!

لـەو کاتەدا، بەپێچەوانەوەی هەموو رۆژەکانی ترەوە، بەر لەوادەی خۆی، مێردەکـەی هاتەوە ماڵ.. ئەمیش بەر لەوەی بگاتـە لای، بەپەلە دەفتەری یاداشـتی پڕ لەمەینەتییەکانی خۆی پێچایەوەو خـۆی گەیاندە ژوورەکەیو شاردییەوە.

یاسین قادر بەرزنجی



# زیندە بەحاڵکردنی
# خەونی گوڵێک

ســـبەینێ دەستە خوشکەکانت روودەکەنە پەیمانگای هونەرە جوانەکان و لەو سەرەوە ئەنکێتی خوێندنو زەردەخەنە دەبەنەوە نێو ماڵەکانیان، سبەی ئەوان شـــادیی میوانیانەو بەهیواوە ئەنکێت پـــڕ دەکەنەوەو تۆیش بەرامبەر باوکە هەمیشە روو گرژەکەت دادەنیشیت.

دەبێ چ نهێنییەک بێت ئاوا بوویتە شەیدای نواندنو ئەفسوونی شانۆ بیرو مێشکە ماندووەکەتی داگیرکردووە.

لەسەرەتاییو ناوەندیی تەنیا چەند جارێک چوویتە سەر شانۆو ئیدی دڵت پێ ســـپارد، خۆ تەمەنی نەمامێکت هەیەو تەنیا پانزە بەهارت دیوە، کەچی وەک مرۆڤێکی هۆشیارو خاوەن ئەزموون هەڵسوکەوت دەکەیت.

تەنیا پانزە بەهاریتو لەئێســـتاوە دەتەوێ بۆ هونـــەرو گەلەکەت بژیت، دەتەوێ لەگەڵ هاوکارانت شـــانۆی ژیان بگوازرێتەوە بۆ شانۆیەکی بچووکو خەڵکی بێنە تەماشات.

رۆژێـــک لەگەڵ دەقـــە کوردییەکانی چیخەفدا ســـاتەکانت دەگوزەرێنیو رۆژێکی دیکە دوژمنانی گۆرکی سۆمای چاوەکانت دەبەنو بەنیازیت هاملێتی شەکســـپیریش پەیدا بکەیـــتو بزانیت وەک ئۆتێللۆو دێزدەمونا سەرســـامت دەکەن!..

هێشـــتا پانزە بەهاریتو چەندە کرابێت ئەو باسو خواســـانەت دیوە کە لەسەر شانۆی میللەتەکەت نووسراون، بەردەوام سەرنجی گۆڤارو رۆژنامەکان دەدەیت.. بەڵام هەزار ئەفســـووس ســـبەینێ لەگەڵ هاوتەمەنو هاوبیرو کچە جوانەکانی تردا ناچیتە پەیمانگای هونەرەجوانەکانو ئەنکێتی پەیمانگا نانێی بەسنگتەوە.

دانیشـــتوویتو نیگەرانیت رەنگـــی نیگەرانیی پەنجا ســـاڵێکی گرتووە، هەناسەت بۆسۆی دەروونێکی سووتاوی لێدێ.

فرمێســـک لەچاوانـــت دێو قســـەکانی رۆژی پێشـــتر دێنـــەوە یادت..

بەغەمبارییەوە گوێ بۆ باوکت رادەدێری کەبەشیرەوە پێت دەڵێ:

ـ کچی من ناچێتە پەیمانگای وا.. ئێمە ســاڵانێکی دوورو درێژ بۆ ئەوە کۆششــمان کردووە کەناوبانگی خێزانمان بپارێزین، ئێســتاش (تریفە)خان تیاماندا هەڵدەکەوێو دەیەوێ ببێتە هونەرمەند!.

ــ باوکــە گیان ئەو چەند جارەی لەمەکتەب چوومە ســەر شــانۆ رێزم زیــادی کرد نەک کەم.. باوکە تۆ نازانی شــانۆ بۆخۆی قوتابخانەیە، نازانی کەهونەرمەند پەیامبەرە.. مژدە بەخشە..

ـ نا... نا... تەرەماشە.. چەنەبازیی ناوێت چی تر گوێ لەم قسە قۆڕانە ناگرم.. من باوکتمو پێت دەڵێم دەچیتە چواری ئامادەیی..

ـ من پێویستم بەخوێندنی هونەرە... دەنا هەر ناخوێنم..

ـ هەردوو چاوت دەردەهات.. قسەی خۆمم کردو بڕایەوە..

پاشــتر دایکتو براکەت دڵنەواییان کردیت.. زۆریان وتو کەمت بیســت، خوا خــوات بوو کەســێ نەتبینێ.. کەســێ نەتدوێنێ... تەنانــەت دایکە میهرەبانەکەت..

شەو تەلەفزیۆن (رۆژمێری براکان)*ی نیشاندا، ماتو مەلوول بەرامبەری لەنگەرت کرد.. زۆرت لەخۆت دەکرد مێشــکە پەرشو بڵاوەکەت کۆبکەیتەوە تا لەو شــانۆگەرییە دانەبڕێی.. دایکت بەوێنەی تــۆ بەرامبەر تەلەفزیۆنەکە دانیشــتبوو، ئەو بەدڵی گەرمەوە چاوی بۆ مەرگەســاتی دایکی ماڵەکە تەڕ دەکــردو تۆش بۆ جوڵەو دەربڕینی دیالۆژەکان.. دایکت بەرامبەر ئەو جەرگ سووتاوە ســوێ دەچووە دڵی کەئاوابوونی جگەر سۆزەکەی وەک شێتی لێ کردبوو، تۆیش بەرامبەر ئەکتەرەکانو رەنگەکانی سەر شانۆو دیکۆرە جوانەکە سەرسام دانیشتبووی..

لەناخەوە دەتخواســت یەکێ بی لەوان، بەتایبەت براژنە ستەمدیدەکەیان کە بەدیار پیاوێکی سەقەتو کۆمەڵێ برای پیاوەکەیەوە دەیان گرفت بەباڵای ژیانی دەبڕا.

---

* شانۆگەرییەکی کوردییە، ساڵی ١٩٩٨ لە دەرهێنانی هونەرمەند کامەران رەووف، لە سلێمانی نمایشکراو نووسەری ئەم چیرۆکانە یەکێك بوو لە ئەکتەرەکانی.

شانۆگەرییەکە بەردەوامەو خۆتو دایکت بوون بەبەشێک لێی، دایکت زوو زوو چاوانی دەسرێو تۆیش دەتەوێ بزانیت دوا دیمەن بەرەو کوێ دەگات..

لەناکاودا باوکت پەیدا دەبێو هەر کەدەڕوانێ تەماشای شانۆگەریی دەکەیت دەچێتە پەنا تەلەفزیۆنەکەو وتارێکتان بۆ دادەداو دواجار پێت دەڵێ:

ـ ئەمە خراپە، واز لەتەماشـــای شانۆگەری بهێنە، وامن دەیگۆڕم سەیری ئەخبارێ، هەواڵێکی دنیا دەکەم.

ئیتر دەست بەدوگمەدا دەنێو تۆیش جەستە ماندووەکەت بەرەو ژوورەکەی خۆت کێش دەکەیت.. رادەکشـــێیت، هەڵدەستیت، دادەنیشیت، جارێکی تر هەڵدەســـتیو بەژوورەکەتدا دێیتو دەچیت، لەبەردەم کتێبخانە بچووکەکەتدا ئارام دەگریت، دەست دەدەیتە (دوا گۆرانی) چیخەف.. زۆرت خوێندووەتەوە، دایدەنێیتەوە، ئەمجارە گۆڤارێکی کۆنی تایبەت بەشانۆ دەردێنی..

بەلاپەڕەکانیدا دەگەڕێیت، دەچیتە ســـەر ئەو شـــانۆگەرییەی دیمەنێکت لـــێ هەڵبژاردبوو تا لەچاوپێکەوتنی پەیمانگا نمایشـــی بکەیت.. بەڵام باوکە ســـالارەکەت نەیهێشت، ئەو بەگەنجی خەونەکانت زیندە بەچاڵ دەکات، تەنیا پانزە بەهاریتو سیست دەکەن، تریفەیتو تاریکت دەکەن.

لەگەڵ دیتنەوەی لاپەڕەیەکدا دادەنیشـــی، دەڕوانیتە ناونیشـــانو لەگەڵ خوێندنەوەیدا جوڵە دەکەونە سەر لێوە وشکەکانت..

ـ دوای بیست ساڵ، نووسینی شەریف حسەینۆف.. پاشان دیالۆژی یەکەم دەخوێنیتـــەوەو دواتر لەبـــەر دەیڵێی، وەک ئەوەی بەرامبەر مامۆســـتاکانی پەیمانگا وەستابیت، وەک ئەکتەرێکی لێهاتوو نواندنی خۆت دەکەیت..

ـ بەڵـــێ تۆ وانیت، تۆ لەگەڵ مێردەکەتـــدا دەژیت، مێردی خۆت هەیەو لەگەڵیدا ژیان دەبەیتە سەر، لەتەکیا دەخەویت.. بەڵام من هەر دوای هەشت رۆژ کە هێنامی بەجێی هێشتم، بەڵێ هەشت رۆژ بەسەر بووکێنیمدا تێپەڕیو ئەوچوو بۆ بەرەکانی جەنگو ئیتر هەر ئەو چوونە بووو نەگەڕایەوە..!

بیســـت ســـاڵی رەبەق چاوەڕێی بووم، بەدرێژایی ئەم بیست ساڵە هەموو خۆزگـــەم منداڵێک بوو، بەڵێ زۆرم حەز دەکـــرد منیش منداڵێکم هەبووایەو بملاوانایـــەو چاودێریم بکردایە.. حەزم دەکرد رایژەنمو بینێم بەســـنگمەوەو

لایلایەی بۆ بکەم، منیش ئادەمیزادێکی زیندوومو حەزم هەیە.

تۆ هیچ لەوشـــەوە درێژانە دەزانیـــت کەبۆ ئافرەتێکی تەنیا کۆتایی نییە، ئاخۆ ئەو شەوانەت دیوە کەتا بەیانی ئەمدیوو ئەودیو دەکەیتو خەو لەچاوت ناکەوێـــت، وا دەزانیت هەر شـــەو دەمێنێو خۆرێکی نـــوێ هەڵنایەتو رۆژ نابێتەوە، هەر تەنیا بیت، ئەمڕۆ تەنیا.. ســـبەی تەنیا.. ســـاڵێکی تر تەنیاو دواتر هەر تەنیاو هەموو ژیانت هەر تەنیا..!!

نەخێـــر، گەر بێتەوە، گەر ئەمڕۆ مێردەکەم بێتەوە هیچ لەلام عەیب نییەو ئەو تێم دەگات.. دەزانێ بۆچی دوای ئەو شووم کرد؟..

هەر ئێستا دەگاتو ئیتر پێکەوە دەژین، بێ ئەوەی ژیانمان گرێیەکی تیا بێت.. ئێستا دێتەوەو تۆ ئەمانە بەچاوی خۆت دەبینی..

بەتەواوبوونـــی دیالۆژەکەت، دەچیتە بەردەم ئاوێنەی ژوورەکەتو لەخۆت رادەمێنی، ســـەرنج دەدەیـــت قژە خاوەکـــەت ئاڵۆزکاوەو ســـیمای جوانت شێواوە..

چاوە تەڕەکانت دەســـڕیتو تەماشـــای خۆت دەکەیتو دەبینی لەجاران گەورەتری..

بـــەڵام دەخوازیـــت دیالۆژێکـــی تر بڵێیـــت، یەکێکیتر لـــەو دیالۆژانەی مەینەتییەکانی رەگەزی مێ دەگێڕنەوە.

## زامە ساڕێژ نەبووەکان

ژوورەکەیـــان جیهانێکی تایبـــەت بوو، خەڵکی ژوورەکـــە لەوە دەچوون هەریەکەو لە شوێنێکی جیاوازو دوور لەیەکتر پەروەردە بووبوون..

(کاڵـــێ) بەیانیان کەدەهاتە فەرمانگە لەســـەر نووکی پێ دەڕۆیشـــت، لەژوورەکانـــی ترەوە دەیانزانی کچە بۆنخۆشـــە نازکەرەکە وا گەیشـــت، هەر ڕۆژەو لەســـەر مۆدێلێک بەرگی دەپۆشیو دوا قوماشی گرانبەهای بازاڕەکانی شار لەمەوە دەگەیشتە بەرچاوی فەرمانبەرە گەنجو گەورەکان..

(کاڵێ) بەهۆی مێردەکەیەوە ناوی یەک بەیەکی کارمەندی ڕێکخراوەکانی لەبەربـــوو، دەیزانی مووچەی کامیـــان زیاترە، هەروەهـــا دەیزانی کاروباری کامیان قورسو گرانە، ڕۆژێکیان لەگەڵ زەردەخەنە هەمیشە میوانەکەی سەر لێوانی سکاڵای ئەوەی هەڵدەڕشـــت کەموچەی مێردەکەی لەچاو ئەو هەموو هیلاکییەدا کەمەو تەنانەت بەشی خەرجییەکانیان ناکات..

یەک لەزام لەدڵەکان بەچرپە بە (شیرین)ی تەنیشتی وت:

ـ تەماشا.. هێشتا ناڕازییەو دەڵێ بەشمان ناکات.. ئەی بۆ نایەت کراسێ لەمـــن دادڕێ.. ئەی بۆ پرســـیاری موچەی مێردە مامۆســـتاکەی من ناکات کەدوای بیستو پێنج ساڵ ڕەشە خێزانێکی پێ بەخێو دەکات..

ـ بەقوربانت بم، ناهەقی نییە. لێی دەڕژێو دەبێ وا بڵێ..

لەو بەرەوە (دولبەر)ی ڕۆحسووک وەک ئەوەی لەدڵی ئەماندا بێ، بەدەم سەربادانەوە رووی پرسیاری کردە کاڵێو پێی گوت..

ـ باشە، خوا هیدایەتتان بات مووچەتان چەندە؟

هەنـــدێ خۆی لەوەڵامـــەکان گێل کرد، پاش تاوێ تەماشـــای هاوڕێکانی ژوورەکەی کـــردو بینی هەموو چاوەڕێی وەڵامن.. ئیتـــر ژمارەیەکی بەدەمدا هاتو هەموو وڕو کاس بوون.!

بەبیانـــووی کارێکەوە کاڵـــێ ژوورەکەی جێهێشـــتو ئەوانیش درێژەیاندا بەقسەو باسی خۆیان..

دولبـــەر وتی: خوا ئاگادارە کەدەڕواتە دەرێ بۆنی خۆشـــی نێو ژوورەکە نامێنێ..

شیرین وتی: هەرچەندە زۆر کەشخەچییە بەڵام تا بڵێی ئافرەتێکی دڵپاکو سادەیە..

(ئامینە) کەتا ئەو کاتەی ســـەری بەسەر پەڕە کاغەزەکانی بەردەستیدا شۆڕکردبووەوە، وتی:

ـ رۆژێکیان هەردووکمان لەژوورەکەدا بووین، گاڵتەی بەمن دەکردو دەیووت (نەگبەت، جار جارە سەیرانێ بکە، ماڵانێ بکە، سینەمایێ، ئاهەنگێ، خەتای خۆتە کەخانمێکی وەک تۆ ماڵە باوکت رازی ناکەیتو وەک ئەم عالەمە لەزەت لەدنیا وەرناگرن..)!

منیش پێمووت (ئاخر کچی باوکم ســـەیران بەچی.. من کچی پۆلیسێکی کلۆڵمو نیوەی مووچەکەم دەخەمە دەستی باوکمەوە، هێستا بەسکێ تێروبە دە برسین.!).

دولبەر وتی:

ـ ئێ توخوا.. چی تری دەووت؟

ـ دەیووت ئامینەخان، من تۆم خۆشدەوێ، وا روو لەپایزی تەمەنیو بوویتە قەیرە کچ، چ رەوای هەقە تا ئێستا بەماڵە مێردی خۆت شاد نەبیت؟!

ـ ئێ.. وەڵڵا قسەو باستان خۆشبووە..

ـ رۆڵە گیان.. ئاش لەخەیاڵێو ئاشەوان لەخەیاڵێک..

کاڵێ گەڕایەوەو قسەکانیان رووەو لایەکی تر وەرچەرخا..

* * *

ئـــەو رۆژە رۆژی کولانەوەی زامەکان بـــوو، ئەو زامانەی وا لەجەرگی زۆر کچو ژنی ئەم وڵاتەداو ســـارێژبوونیان بۆ نییە.. زامی گەورەی نێو ئەو ژوورە (گەلاوێژ) بوو.. زامێ بوو هەمیشە خوێنی لیدەچۆڕا..

گەلاوێژ پەڕە کاغەزێکی لەجانتا رەشەکەی دەرهێناو دایە دەستی دولبەر.. بەر لەوەی بڕوانێتە کاغەزەکە هەر گەلاوێژ پێی وت:

ـ ئەوە بۆ تۆ باشـــە بیخوێنیتەوە عەیار، تۆ حەز دەکەی دەرگا لەســـەر ژیانی هەموومان والاکەیت.. من تاقەتی قســـەم نەماوەو بڕیارمداوە لەمەودوا زوخاوی دڵم بخەمە سەر کاغەز.. کێ نالێ نابمە نووسەرێکی ناسراو!

هەموو دایانە پێکەنین..

دولبەر لەگەڵ خوێندنەوەی دێڕەکاندا فرمێسک لەچاوەکانیداقەتیس ما..

جار جارە تەماشـــایەکی گەلاوێژی غەمباری دەکرد.. لەپەڕە کاغەزەکەدا نووسرابوو..

ـ مـــنو هەژاریی بووینەتـــە دووانە، هەردوو ڕەنگـــی یەکترمان گرتووە.. خودایـــە، دەبێ چ تاوانێکمان کردبێ تا گـــەورە دەبینو پیر دەبینو دەمرین بەلێوی زەردو هەناسەی ساردەوە ژین بەسەر بەرین.. کەمامۆستا هاتە داوام گوتم ئۆخەی، ئەوەی لەماڵە باوکدا بێ بەش بووم لێی لەماڵە مێردا پێی شاد دەبم، ئۆخەی چی دی پارووی ســـارد نانێمە دەمو بەســـکی برسییەوە سەر نانێمە سەر سەرین، بەڵام بەخت نەیارم بوو، نەیهێشت زامەکانم لێم گەڕێن.. بەخت چارەی ڕەشی بەنسیب کردم.. نەمدەزانی کرێچێتیو بەخێوکردنی چوار منداڵ شپرزەو پەرێشانمان دەکات..

نەمزانـــی هەژارتر لە جاران، کڵـــۆڵ تر لەجاران ســـاتەکانی ژیان بەڕێ دەکەم..

هەرگیز لۆمەی مێردەکەم ناکەم، ئەو پارچەیەکە لەدڵســـۆزی، ئەو لەڕێی پێشـــکەوتنی کۆمەڵدا چرایە، ئەو نـــازی قوتابییەکانی وەک نازی چاوەکانی دەکێشێ..

ئەو بۆ پاشەڕۆژ دەژی، بەڵام ناتوانێ دوای ئەو هەموو ساڵە بەرگی جوان بپۆشێو داواکاریی هاوسەرو منداڵە بێنازەکانی بهێنێتە جی..

ئەو بۆ میللەتی خۆی دەســـووتێ، بەڵام لەتوانایدا نییە بچێتە گەشـــتو سەیرانو سەفەرێ.. ئەو.. کڵۆڵە وەکو خۆم..

بەو وشـــانەی کۆتایی، سەر گۆناکانی دولبەر تەڕبوون.. ڕوانییە گەلاوێژی غەمبارو دەستەســـڕەکەی هێنا بەســـەر ڕوومەتەکانیـــدا.. لەوکاتەدا تریقەی پێکەنینی کاڵێ هەمووانی ڕاچڵەکاند.



# پرسیارێکی بێ وەڵام

هەمیشە لەگەڵ یادگارییەکانیدا دەژیا، دوو کۆرپە جگەر گۆشەکەی هەموو شــتێ بوون بۆی، هەرچەندە بەرەو تەمەنی هەرزەکاری دەچوون، بەڵام لای ئەو هەر منداڵە بچکۆلەکەی جاری جاران بوون..

هەموو جارێ بەپێکەنینەوە بە (سیامەند)ی دەگووت:

ـ کــورِم نەڵێی دەموچاوم مووی لێ هاتــووەو گەورەبووم، بەخوا ببیتە پیاوێکی گەورەش لای من هەر سیامەندە خرپنە بچکۆلەکەیت.

لەگەڵ (داستان)ی کچیشیدا رازو گلەیی دەکردو پێی دەگووت:

ـ کچی شــیرینم، تۆ بەتەنیا کچی خۆم نیت، تۆ هاورِێشــمیت، تۆ هەموو کەســێکی منیت.. ئاخر نەڵێی گەورەمو لەدەستە خوشکانی قوتابخانەوە زۆر شتی تازە فێربووم، لای من هەر داستانە چاو گەشەکەی جارانی..

هیچ شــەوێ داســتان بەتەنیا خەو نەدەچووە چاوەکانی، گەر لەباخەڵی دایکە میهرەبانەکەیدا رۆژی نەکردایەتەوە.

* * *

بەیانیان هەرســێ لەماڵ ئاوادەبوون، هەر دوو خوێندکار رووەو خوێندنو دایکیان بەرەو فەرمانگەکەی، لەفەرمانگەکەی هەموو بەچاوی رێزەوە تەماشای ئەو دایکە خەمخۆرەیان دەکرد..

هاورِێکانی هەموو جار دەیانووت:

ـ کڵۆڵە بەگەنجی لێی قەوما..

ـ دەبێ شانی بداتەبەر.. زەمانە لەگەڵیا بێ وەفابوو..!

ـ باشە تۆ بڵێی شوویەکی بۆ نەکاتەوە؟

هەندێ جار باســی شــوویان لەگەڵدا دەکرد، بەو باسە ورِوکاس دەبوو، وایدەزانــی ئــەو رۆژەیــە کەمەیتــی جوانەمەرگەکەی مێــردی لەماڵەکەی

برایەدەر!

رۆژێک لەدائیرە هاوڕێیەکی پێی بەجەرگی خۆیدا ناو پێی وت:

ـــ خانم، بۆخـــۆت دەفەوتێنی، بۆ بەدەســـتی خۆت ئاگـــر بەردەدەیتە چارەنووســـت، خۆ منداڵەکانت گەورە بوونو لەهەموو کەس باشـــتر دەزانن کەدایکیان شوو بکاتەوە باشە، دەزانن گەر کەسێکی رێکو پێک بێتە ژیانتەوە بۆ خۆیشتو ئەوانیش باشە.. لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە:

- نا عەزیزم.. شوکر داری ژیانم بەردارە، هەر کەدەڕوانمە باڵای سیامەندو داستان وادەزانم هەموو دنیا هی منە.. تازە منو شوویان نەوتووە!.

هاوڕێکەی لێی نەدەگەڕا، ئەمجارە پێی دەووت:

- زۆری تـــر هەبوونو بەتەمەن لەتـــۆش گەورەتر بوونو کەلێیان قەوماوە شوویان کردۆتەوە، چاوەکەم خواو پێغەمبەریش ئەوەیان پێ خۆشە.

فرمێسک دەپەڕییە چاوەکانیو بەبێ دەنگی رووی لێ وەردەگێڕا..

* * *

مەحمودی مێردی کاتی مردنی نەبوو، پیاوێکی خۆشەویستی نێو کەسوکارو دراوسێکان بوو، لەگەڵ غەمو ئازاری هەمووواندا دەژیا.. بەو کەسابەتە کەمەی پێی دەژیاو ماڵو منداڵی پێ دەبرد بەڕێوە، رازی بوو، پیاوێکی دەست پاکو دڵپاکو داوێن پاک..

بەڵام چەپگەرد کەی یارو هاودەمی ئەو جۆرە مرۆڤانە بووە؟ کەی رۆژگاری رەش هێشـــتویەتی تا سەر ئەو جۆرە پیاوانە لەنێو ماڵی گەرمو پڕ لەهیوای خۆیاندا بمێننەوە.

وەرزی هاویـــن بوو.. چەند رۆژێکی درێژ مەحمود لەناو پێخەفدا کاتەکانی بردە ســـەر، برایە لای باشـــترین دکتۆرو دەرمانی بۆ نووسرا.. بوو بەهەفتەو دووانو سیانو چارەسەری نەدی..

هەمیشـــە چاوەکانی دوو گۆمی فرمێسک بوون، دڵە ماندووەکەی خەبەری پێ دابوو کەســـەفەری هەمیشـــەیی دەکاتو بۆ دواجار خانمە بەسۆزەکەیو

جووتە فریشتەکەی ژیانی جێدەهێڵێ.

دوا ساتەکانی ژیانی سەری لەسەر رانی دایکی منداڵەکانیو دەستی لەنێو دەستە گەرمەکانی سیامەندو داستاندا بوو.

لەناکاوێکدا هاوارو زریکە لەنێو ماڵەکەی مەحمودەوە بەرز بووەوە..

باڵندەکانی ئاســـمان شـــپرزە بوون، منداڵەکانی گەڕەک ماتو بێ رەنگ بەر قاپییان گرت.. سیامەندو داستان بێ ئەوەی وشەیەک لەزاریان بێتە دەر دەیانڕوانیە یەکتر..

❊ ❊ ❊

سیامەندی خوێندکاری ئامادەیی هەر لەپیاوێکی تەواو دەچوو، داستانیش گوڵێکی بەدیمەنـــی ماڵەکە بوو.. ژیانیان کولە مەرگـــی بوو.. رۆژێکیان بۆ کەمکردنەوەی ســـوێی دڵی دایکە خۆشەویســـتەکەیان، بەدەم بیرکردنەوەوە سیامەند لەدایکی پرسی:

ـ دایە، باشـــە باوکی ئێمەو زۆری وەک باوکمان کەدەژینو خێزان بۆ ئەم کۆمەڵە دروست دەکەنو منداڵ گەورە دەکەنو دەڕۆنو پاش خۆیان یادگاری شیرین جێ دێڵن، با فەرمانبەریش نەبووبن، ئەی هەق نییە بیر لەوە بکرێتەوە خانەنیشینییەک بدرێتە منداڵەکانیان.

دایکی وەڵامی دایەوە:

ـ با کوڕی شیرینم هەقە، بەڵام کەی.. نازانم!!.

بەدیار ڕاشماوەی
مەرگەوە

نێوچاوانی دەتووت نانێکی ئەســـمەرو برژاوی گەرمیانە.. قژی سپی وەک ڕەنگی ئاوی ڕوونی ســـیروان، دڵی گەرم وەم گەرمیی دەروونی کەســـوکاری ئەنفال.. دەیویســـت ئـــارام بگرێو خۆڕاگربێ، لەخودای گـــەورە دەپاڕایەوە هیدایەتی بداتو هەمیشە ناوی خوا وێردی سەر زمانیو ڕازی دڵی بوو..

دەپاڕایـــەوە بەئیمانەوە ببرێتە نێو خاکو لـــەوە دنیا بەدیداری ژنەکەیو پێنج جگەر سۆزە ئەنفالکراوەکەی شاد بێتەوە..

دڵی بە (شـــیروانە) دەکرایـــەوە، کەدەچووە بەرامبـــەری، یان بەلای باڵا بەرزەکەی قەڵادا ڕەت دەبوو شریتی عومری ڕابردوو دەیبردەوە لای ئەو ساتە شـــیرینانەی لەگەڵ کەیبانووەکەی ماڵیو منداڵە گەورەو بچوکەکانی بەهاران دەچوونە نزیک شیروانەو کاتە جوانەکانیان بەڕێ دەکرد..

لـــە کەلار مام مەجید بەدیار تاقە کچەکەی کوڕە شـــوێن بزرەکەیدا دۆش دامابوو، ئەو دەمەی لە گوندەکەی خۆیان دایان بەســـەریانداو پۆستاڵ لەپێو غەیـــرە زمانەکانو حەرامزادەکانی خۆمان خەڵکەکەیان پێچایەوەو دوور دوور ڕاپێچیـــان کردن (کەژاڵ) تەنیا تەمەنی حەوت ســـاڵان بـــوو.. تازە زمانی بەئەلفو بێ پژابوو و لەقوتابخانەکەی گونددا قژە زەردەکەی لەســـەر تەوێڵی لادەداو بەهەموو هەســـتیەوە دەیڕوانیە تەختەی ڕەشو لەگەڵ وشەکانی سەر زاری مامۆستادا دەژیا..

بەڵام بەدوورکەوتنەوەی دایکی شیرینیو باوکی جوامێری ئەمیش شپرزەو دامـــاو، دوور لەپۆلو هاوڕێ جوانەکانی دەژیا.. مام مەجید لەگەڵ هاوســـێ خەمخۆرەکەیدا دەردە دڵیان بۆیەک هەڵدەڕشت، هەموو جار دەیووت:

ـــ خودا لەچـــارەی نوســـیبووم، ژنو منداڵم بەگڕی تەنـــدووری ئەنفال هەڵقرچانو سووتانو بوونە قەرەبرووت.. وا ئێستا بەدیار ئەم کچە نوقسانەوە داماومو ناکرێو نابێ بۆ تەنیا ســـاتێک خافڵی کەم.. دراوسێ دڵگەرمەکەی دڵی دەدایەوەو دەیگووت:

ـ مامە گیان، خوا خۆشـــیدەوێیت، کەســـێکی خۆشـــبویێ ئازاری دەداو لەژیاندا ناحەسێتەوە..

بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە دەیگووت:

ـ ئامانتو.. چارم چییە ئامەنتو..

* * *

ڕۆژێکی ڕەشی ســـاڵی هەشتاو هەشـــت، باوکی کەژاڵ نزیک گوندەکەی خۆیان لەســـەر زەرعات پەلی بەســـتراو دواتر لەگەڵ ژنو خوشـــکو براکانی خرانە پشـــتی زیلێکـــەوەو ڕاپێچکران.. کەژاڵی کڵۆڵ تەنیـــا حەوت بەهاری دیبوو.. چونکە باوکی سەربازی ڕاکردوو بوو و نەیدەتوانی بچێتە شار، لەگەڵ باپیریدا لە سلێمانی بوو بۆ سەردانی دکتۆر..

ئەوکاتە چاوەکانی دەیەشاو سوور هەڵدەگەڕاو ئاویان پیادا دەهاتە خوار، باپیری بردبووی تا بەدکتۆرەکە بڵێ شـــەوان نایەڵێ خەو لەچاومان بکەوێو بەگریان پەرێشانی کردووین..

کەبەخۆیو کەژاڵو زەرفێ دەرمانەوە گەڕایەوە هەر لە (کەلار) زانی شاڵاوی ئەنفال گوندەکەی ئەوانیشی گرتۆتەوەو چی دی ناتوانێ بچێتەوە ئاوایی..!

لـــەوی لەماڵـــێ، لای خزمێکیان مانەوەو زوو زوو هەواڵ وەک ســـوێیەک دەچـــووە دڵە ماندووەکەیـــەوە، زانی کە گوندەکەیان کاولکـــراوەو ماڵەکەی ئەوانیـــش لەگەڵ زەویدا تەخـــت کراوە.. هەروا زانـــی کەمنداڵەکانی براونو کەسێ نازانێ ڕوو لەکوێن؟!

پەنـــای بـــردە بەر خزمەکـــەیو ژوورێکی بۆ گرت، هـــەر لای ئەو پارەی دانابوو تا بچێت حەجی پێ بـــکات، پارەکەی وەرگرتەوەو هەندێ کەلوپەلی بۆ ژوورەکەیان دابینکرد..

سەرەتا ویســـتی کەژاڵ بنێرێتەوە بەر خوێندن، بەڵام دواتر کەزانی کچە کاسو بـــێ دەنگو واق وڕماوە، لە بڕیارەکەی پەشـــیمان بووەوە، هەرچەندە کەسێکیان پێ ئەگەیشت، یان کەدەچوونە شوێنێ، یان کەمیوانێ ڕوویتێکردنایە باس هەر باسی بێ سەرو شوێنەکانی ئەنفال بوو..

مام مەجید بۆ جەرگەکانی خۆی دەسووتاو کەژاڵیش مێشکە بچووکەکەی

بەشوێن باوکو دایکیدا دەگەڕا..

زۆر شەو مام مەجید لە هاواری کوڕەزاکەی لەخەو رادەچڵەکا کە هاواری دایکی دەکرد..

دەیویست خافڵی بکاتو بەهەندێ قسەو بەسەرهات بۆی بسەلمێنێ کەوادەی گەڕانەوەی دایکو باوکی نزیکە.. بەڵام کەژاڵی دڵشکاو ئەوەندە باسی ئەنفالکراوەکانی بیستبوو دەیزانی کە باپیرەی خەریکی دەکاتو دەیزانی کەئێستا ئەوان نەماون..

رۆژگار تێدەپەڕیو بووە چەند مانگو ساڵ.. دوای ساڵی کەژاڵ بێ دیمەنتر، دڵشکاوتر، رەنگ زەردو لاواز..

هەموو رۆژێ چایی دەم دەکردو بەدەستە بچکۆلەکانی ژوورەکەی رێک دەخستەوەو گسکی دەدا..

باپیرەشی لەبەرماڵەکەیاندا هەندێ شتی دانابوو، بە خێری ئەوانەو خێرو یارمەتیی خزمو پیاوچاکان دەژیا..

* * *

ئێستا کەژاڵ تەمەنی ٢٠ ساڵە، لەچل ساڵێک دەچێ.. ناوبەناو باپیرە پیرو ماندووەکەی دەیهێنێ بۆ شارو نیشانی دکتۆرەکانی دەدات..

کەژاڵ تووشی خەمۆکی بووەو لێی جودا نابێتەوە، دکتۆر دەڵێ ئەو کارەساتە بەجارێ کاری تێکردووەو ئەو حاڵەتە دەرونییە لەگەڵیا دەژیو زەحمەتە لێی جودا بێتەوە..

کەژاڵ ژنێکی گەورەیە، بەڵام هەمیشە قژی ئاڵۆزکاوو بێ دیمەنو بێ رەنگ، گەلێ جار کەباسو خواسێی دادەمەزرێ، دوو دڵۆپ فرمێسک لەچاوەکانیدا قەتیس دەمێنن.. دواتر دەڕژێتە سەر روومەتیو سەر بەرزدەکاتەوەو بەدەنگێکی نزمەوە دەڵێ:

ـ ئەنفال چی پێکردین؟ چی؟!

باپیرەش دەڵێ:

ـ خودایە هەر تۆ گەورەی.. ئامەنتو.. خودایە ئامەنتو..!!!



# شەوێکی ڕوناک

ـ دە توخوا بۆمی تەواو کە، باشـــە دادە هەتاو کە کەرۆێشـــکە خرپنیان گرت چییان لێکرد؟

هەتاو لەسەر خۆتر دەدوا، دەیویست (چرا)ی شەش ساڵە بەحیکایەتەکەی بخـــەوێو ئەمیش وەک زۆر شـــەوی تـــر بچێتەوە ســـەر یادگارەکانی دایکە بەدبەختەکەی.. بەهێواشـــی دەیکێشـــا بەپشتی خوشـــکەکەیداو بەخاویی قسەکانی لەزار دەهاتنە دەر، لەو شەوە خامۆشەو لەو ژوورە تاریکەیدا دەنگی پشتی چراو دەنگی هەتاو خۆی ئیقاعێکی سەیریان دروست کردبوو..

ـ چوار زەلامی دڵڕەق.. هەر کەزانییان کەروێشـــکی رەنگ خۆڵەمێشـــی نەرموو نۆڵ مێیە، پڕ بەو ناوە بەقاقا پێدەکەنینو ئیر.. ئیتر تەواو..

ـ نا دادە گیان، دەپێم بڵێ چییان لە کەروێشکە خرپن کرد؟

بەوەڕســـیەوەو وەک ئەوەی زۆر لەخۆی بکات، وەڵامی تاقە خوشکەکەی دایەوە..

ـ باشە پێتی دەڵێم.. بەڵام ئیتر دەبێ بنوویت.. درەنگەو بەیانی خەبەرت نابێتـــەوە بچیت بۆ مەکتـــەب.. گوڵەکەم، بێ بەزەییانە ســـەریانبڕیو دواتر گۆشتەکەیان خوارد.!

ـ وەی خوایە گیان چۆن دڵیان هات وا لەو کەروێشکە بکەن.. وەی دایە گیان.. وەی کەروێشکە خرپن..

چرا پێڵووی چاوە ماندووەکانی داخستو خەوێکی شیرین بووە میوانی.. بەڵام هەتاوی خوشکی گەورەو لەجێی دایکی هەر بێداربوو..

* * *

ـ کات لەنیوەی شـــەو لایداو هەتاو وەک زۆر شـــەوی تـــر خەو نەچووە چاوی.. پاش مەرگی پڕ لەســـوێی دایکی لەخوێندنگـــە دابڕابوو، بەخزمەتی

ماڵو چراو باوکەکەیانەوە خەریک بوو، هەموو ســـاتێ، هەر کەچاوی دەبڕییە چـــاوە زیتەکانی باوکیان، دەتووت ئەو کاتەیە دایکە قوڕ بەســـەرەکەیان بێ هۆشو بێ زمانو بێ گیان لەبەردەمیاندا کەوتبوو..

* * *

هـــەر کە باوکە مەرگهێنەکەیان دەرووني ئاڵۆزی دەوروژاو بەدەنگی بەرزو بەقســـەی ســـووک پەلاماری خۆیو خوشـــکەکەی دەدا، وایدەزانی رێک ئەو ســـاتەیە کە گۆشتو ئێســـکو خوێنی (روناک)ی چارە رەش لەبەر چاویان دەسووتا..

وەک زۆر شـــەوی تر، رووی وەرگێڕا بەرەو فانۆســـی نێـــو پەنجەرەکە.. لەتیشـــکی ئەوەوە، ئەو دیوەوەی بەدی دەکرد.. روناکـــی کڵۆڵ بەرامبەری دەوەستاو بەر لەوەی بۆ دواجار دەنگی لەگەڵ (هەنسکی نیوە شەو خورپێن) لەسنگیدا پێکەوە بخنکێن، دوا قسەکانی خۆی بەشەوی چارەرەشو (هەتاو)ی هاوڕێی رازو هاودەمی غەمەکانی دەسپارد..

هەتاو دایکی بینیەوە کەلەو دیو پەنجەرەوە بەهەناسەی ساردەوە قسەی بۆ دەکرد..

ـ قەینـــا دڵەکەم، قەینـــا گوڵەکەم، ئیتر دڵ مەنێ بـــە دڵمەوەو چی تر فرمێسک بۆ دایکتو ئاژاوەی ئەم کاولبووە هەڵمەڕێژە.. قەینا دڵەکەم، چیتر بەلێدان دایکی بێکەست شلوکوتی عومری ناکرێ لەدەست باوکتان هەڵدێت.. بەیەکجاری لەو دوابڕاوە دوور دەکەوێتەوە..

بەلای (چرا)ی دەســـت لەملی خەوی قووڵدا وەرچەرخا، باشتر داپۆشیو قژە رەشـــەکەی لەسەر دەموچاوی لابردو لەســـەرخۆ ماچێکی تەوێڵی کرد.. هەندێ خۆی کردەوەو پشتی نووساند بەپشتێکەیەوە سەریشی بەدیوارەکەوە.. دیسانەوە رووەو پەنجەرەی ژوورەکە، دەیڕوانی مێشکە ماندووەکەی بردییەوە بۆ ئەو شـــەوەی ئاگر بـــەر بووە دایکیو خەرمانی بەخـــتو عومری بەجارێ پێکەوە سووتان..

بینی هەموو جلەکانی ســـووتانو لەبەرچاوی خۆیو باوکە چارە تاڵەکەی روناک دەسووتێ.. هەتاو بەدەســـتێکی فرمێسکە گەرمەکانی سەر رووومەتی خۆی سڕیو بەدەستەکەی تریشی قۆپچەی دیزداشەکەی ترازاند..

ئەو شەوەو زۆر شەوی تری لەگەڵ روناکدا دەبردە سەر، خۆ سووتاندنەکەیو رۆژی دوایی کەتیایدا مرد.. دوو ســاڵ بوو جەســـتەی ماندووی لەو سەیوانە ئارامی گرتبوو، دوو ســـاڵ بـــوو بێ روناکو هەتاوی مانـــدووش ملکەچو بێ هاوڕێو بێ هیوا.. لەو مەڵبەندی غەمەدا، تەنیا سەرچاوەیەک بۆ ژیانی هەتاو هەر خوشکە بچکۆلەکەی بوو.. بەســـەعی پێکردنو خزمەتکردنی ساتەکانی هەردووکیانی دەگوزەراند..

لەقســـە ئاساییەکانی رۆژگارو شەوگار بەو لاوە هیچی تری لەگەڵ باوکیدا نەدەووت.. هەرچۆن پیشـــەی بوو تاڵاوی بەگەرووی دایکی داماویدا کردبوو، ئەمیشـــی لەو تاڵاوە بێبەش نەدەکرد، تەنانـــەت هەندێکجار دڵە بچکۆلەکەی (چرا)شـــی دەشکاندو بەویشدا هەڵدەشـــاخا.. بەتایبەت ئەو کاتانەی خۆی مەست دەکرد..

❊ ❊ ❊

ئێوارەیەک کە چارەی بوتڵو پەرداخیان بدیبا نیوە مردوو دەبوون، بەجارێ زراویان دەچوو.. دەیانزانی ئیدی بەزمەکەیەو هارەو شـــیرەو پیاهەڵشـــاخان دەســـت پێدەکاتەوە.. تەنانـــەت پەلاماری روناک دەدرێتـــەوەو جارێکی تر لەگۆرەکەیدا رادەچڵەکێ.. هەتاو دیمەنێکی تەڵختر بەری چاوەکانی گرت..

دیمەنێک هەموو مێشکی داگیر کردو هەناسەی سوارو واق وڕماو.. دایکی هاتەوە لایو بەرەنگی زەردو پەرپیوەوە قسەی بۆ کچە گەورەکەی دەکرد..

ـ رۆڵە چی بکەم، لەچارەم نووســـرابوو، نازانم چیم کردبوو خوا ئەمانەی نیشاندام..

ـ دایە گیان گوێی مەدەرێ.. ئاخر خۆ هەر تۆ نیت، بەو خودایە لەپۆلەکەی تریش دایکی کچێک ئیشکەری ماڵانە.. ئەوەی باوکم پەیدای دەکات تەنیا بۆ

کرێکەو بەزمەکەی خۆیەتی.. ئاخر تۆش ئیش نەکەی بەچی بژین..

ـــ دەزانم کچـــی ئاقڵم دەزانم. ئــەو بەتەنیـــا قوزەڵقۆرتەکەی خۆی لا گرنگـــە.. دەبا پێتی بڵێم.. دە وەرە کراســـێ لەدایکت دادڕە.. ئاخر هەتاو، چ ڕەوای هەقە من ئیشـــکەریی ماڵانو جل شـــۆری بکەم، بێمەوەو پڕ جوێن کرێـــم.. نازانـــم خوایە چیم کردبـــوو تا بەم دەردەت بـــردم، چ ڕەوای هەقە بەماندوویی بگەڕێمەوەو دڕندەیەک پەلامارم بداتو دەســـتم لێ بوەشێنێت.. ڕەبی پەنجەکانی هەڵوەرێت..

ـ دایە گیان..

ـ کچی خۆم، با قسەیەکت لا بکەمو با دەردێکی ترت لا هەڵڕێژم.. هەفتەی ڕابردوو عەسر بوو، لە گەڕانەوەمدا زەرفێ میوەی ماڵی کاک نەوزادم پێ بوو ماڵەکەی ئاوا بێت، کەچی ئافتاو گرتوومی.. دەزانیت دەیووت چی؟!

ـ دەیووت چی دایە گیان؟

ڕوناک سەری هێنایە پێشێ، توند دەستی گرت..

ـ دەیووت، ڕۆڵە ڕوناک، ئاگات لەخۆت بێت هەر لەدراوســـێم بیســـتووە دەڵێـــن ڕوناک گەنجەو هـــەق نییە ئەوەندە ماڵ بەجێ بێڵێ.. دوایی قســـە دەخەنە شوێنت..

- دایکە بۆخۆی وت.. دنیا تۆ دەناســـێ.. تـــو ئەو خوایە گەر خۆت بەو قســـە پڕو پووچانە ئاڵۆز بکەی.. ئەو شەوە هەتاو هەر بێدار بوو.. شەوێک بوو لەڕوناک جودا نەدەبووەوە..

هەموو ئاواتێکی هەتاو هەر خوشـــکە نازدارەکـــەی بوو، هەردوو بۆ یەک هەموو شـــتێک بوون، هەموو شـــادییەک بوون.. وردە وردە لەگەڵ نەهامەتی ژیانو چەپگەردی زەمانە ڕاهاتن، شەوێکی تر حەکایەت دامەزرابووەوە..

بەڵام ئەمجارەیان هەتاو بەدەنگی ســـافو بە گێڕانەوەی خۆشەوە چرای خەریک کردبوو.. ئەویش گوێو مێشـــکو چاوی لەگەڵ وشـــەکاندا دەژیان، دەستەکانیشـــی هەر خەریک بوون، تـــاوێ دەیگەیاندنە پرچی درێژی هەتاوو لەخۆی نزیک دەکردنەوە، بۆنی پرچی دەکردو لەبەر خۆیەوە دەیووت (ئەڵڵا.. ئەڵڵا لەم بۆنە خۆشـــە).. تاوێکی تریش دەستی بەقۆڵە سافو گۆشتنەکەی

(دادە)دا دەهێنـــا.. ئەوەندە خۆی لێ نزیک دەکـــردەوە، خەریک بوو تەواو جووت بن..

ـ ئێ دادە گیان.. دوای ئەوە، کەروێشکی زیرەک چی کرد؟

ـ دارســـتانەکەی جێهێشـــتو هەر بەدوایەوە بوون، شەکەتیو ماندوێتی خەریک بوو بەجارێ هەناویان بخاتە خوارەوە.. کەروێشـــکی وریا رایدەکردو لێیان دوور دەکەوتەوەو ئەوانیش دەکەوتنو هەڵستانەوەو هەنگاوەکانیان خاو دەبووەوە.. ناچار بە تاپڕی دەستیان تەقەیان لێ دەکردو نەیاندەپێکا..

کەروێشکی جوان بەیاڵەکەدا هەڵگەڕاو لەداویان دوور کەوتەوە، ئەوانیش بەزیوو بێ هیوا لێی دانیشـــتن.. کەروێشک بۆی دەرچوو، ئەوانیش بەدەستی بەتاڵەوە گەڕانەوە..

ـ ئەی ئافەرین کەروێشـــکی ئازا.. باشـــە دادە هەتـــاو، پێت نەوتم ئەو کەروێشکە ئازایە نێر بوو یان مێ؟

- مێ بوو، مێ بوو..

---

*ســـوود لەچیرۆکە هەواڵمان (لە چلەی هاویندا ئاگری بەردایە جەســـتەی، وەرگێراوە، کتێبی (مەرگی وەنەوشە) سلێمانی، ۲۰۰۰.

** لەیەکەمین فێستیڤاڵی یەکێتی ژنانی کوردستان-دا نووسەرەوە خوێندرایەوە..

میهرەبان

هەر لەمنداڵییەوە ئیماندارو لەخوا ترس بووە، هەشــت نۆ ســاڵان بووە کــە لەباوکی بەڕێزیەوە فێــری نوێژ بووەو ئیتر تا ئەو کاتەی دڵەی ماندووی هێزی لەبەر بڕی پێنج فەرزە روو لەپەروەردەگار بووەو پاڕاوەتەوە کەسوکارو ئۆمەتی محەمەد پارێزراو بن..

بەمنداڵــی باوکە زاناکەی، چــرای ماڵو خۆشەویســتی هەموویان بوو، لەگەڕەکو لەشــاردا دەستی بەسنگەوە بۆ گیراوەو تا دوا هەناسەی ژیانی بۆ گەلەکەیو بۆ حەقیقەتو بۆ ئەدەبیاتی بەرزو ســەنگین ژیا، کەدوا کۆچیشی کرد (مزگەوتی سەیوان)ی بۆ هەژارو ئیمانداران بەجێهێشتووە..

کچە گەورەکەی، لەو دەمەوە کەنەمامێکی ســاوا بووە، هەمیشە هۆگری باوکی بووە، هەموو جارێ (مامۆســتا) ســەری شــانازیی بەرزکردوەتەوەو وتویەتی (ئەم کچەم یەکجار دڵســۆزمە.. ئەمــە جەرگو هەناومە، هیوادارم خودا بەخێرو خۆشــیی پاشــەڕۆژی پێ ببەخشــێ.. خۆزگە دەمامو تەلاری داهاتوویو باغی بەرداریم دەبینی..).

رێکەوتی ژیان تووشــی کرد بەتووشی پیاوێکی بەتەمەنی ژن مردووەوە، بە دەستوری ئەو سەردەمەی پەنجاکان، جێگاو رێگای کۆمەڵایەتیو رێزگرتنی ئەسڵو فەسڵ سپاردی بەو پیاوەی لە دنیایەکی ترەوە هاتبوو!

ئەو هەورازێکی ســەختو ئەمیش درەختێکی پەلو پۆ سەوزی بەدیمەن.. ئەو ژیلەمۆیەکی سوورو ئەمیش کوانوویەکی خامۆش..

ئەو گەورەبووی ژیانی گوندو پەروەردەی دابو نەریتی عەشایەرو ئەمیش چۆلەکەی بەر هەیوانی ماڵێک لەعیلمو عیرفان..

ئەو بورکانێکی تووڕەو، ئەمیش رووبارێکی هێمن..

ئەو باوکی چەنــد کچو کوڕێکی گەورەو هــەرزەکار، ئەمیش هەر خۆیو یادگارە سەوزو سوورەکانی ماڵە باوانی..

کوڕو کچ بوونە میوانی خێزانی نوێ، کە دایکی میهرەبان سەری هەڵدەبڕی

ياسین قادر بەرزنجی

ئاســـمانێ لەخۆشەویســـتی بەدی دەکردو دنیایەک جوانی دەبینی، بەتەنیا منداڵەکانی هەمووسەرمایەی ژیانی بوون..

شەســـتو ســـێ، لەو کاتەدا کە کورد قڕ دەکراو پرســـە لـــەزۆر ماڵ بۆ جوانەمەرگـــەکان دادەنرا، ئا لەو کاتەدا ســـوێیەک چـــووە دڵیەوە کە تا دوا هەناسە ئازاری دا، سوێی مەرگی باوکی..

رۆژانی هەینیو زۆر رۆژی تر هەر لەگەڵ خۆیدا بە (سەیوان)دا هەڵدەگەڕاو ئەو گوڵە بەدیمەنە دەبووە نەخشی ژوور سەری گڵکۆ..

شریتی عومری رابردووی دەهاتەوە بەرچاوو بەخوڕ فرمێسک لەچاوەکانی دەبارین.. مێردەکەی دەیزانی چ کێوێ رووخاوەو چ چل چرایەکی ئەم شـــارە کوژاوەتـــەوە، دەیزانـــی دایکی منداڵەکانی هەموو ســـاتێکی مردنەو دەیزانی چ خۆرێکـــی لێ ئاوابووە، بەڵام هەرگیـــز نەیدەزانی چۆن دڵی بداتەوەو بەچ شێوەیەک باری غەمەکانی سووک بکات..

هەرگیز نەیدەزانی چۆن ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوەو بە چ رێگایەک شادمانی بکاتـــەوە بەگیانی نیوە مردوویدا... ئەو ژنەی نموونـــەی وەفادارییی، لەگەڵ دراوسێ خەمخۆرەکانی بازنەیان دەبەستو پێی دەوتن:

ـ بەقوربانت بم، با بێنەوە ئەم شـــارە جێگای دەگرنەوە، براکەی خاریجم کتومـــت لەزیرەکـــیو ئەدیبیدا نموونـــەی باوکێتی، برا سیاسیەکەشـــم هەر پارچەیەکە لەخۆی، جوامێریو ئازایەتیو کۆڵنەدانی هەر وەک ئەو وایە..

هەموو پێیان دەووت:

ـ رەبی عومری ئەوان سەد ساڵ بێ..

* * *

چەپگەردی زەمانە کارێکی کرد ساڵی حەفتا پیرەمێردەکەی مێردی ببێتە میوانی هەمیشـــەیی نێو جێگای ماڵێکی بچووکو دڵتەنگ، سێ ساڵی رەبەق خزمەتی کرد.. رۆژێ سکاڵایەکی دەرنەبڕی، کەسوکاری مێردەکەی ستایشی ئەو خانمە میهرەبانەیان دەکرد.. هەموو جار پێی دەوتن:

ــ ئێوە شادو سەلامەت بن، باوکی منداڵەکانم خۆشەویستی خوایە، ئەوەی خوا خۆشی بوێت ئاوا ئازاری دەدا..

پاشان پێی دەوتن:

ــ سەری براکانم خۆشبێت پەکمان ناکەوێت، ئەها باغی من چەند بەردارە، ئەها کچەکەمو کوڕەکانم دەخوێننو وا گەورەکەیان کولییە تەواو دەکات..

مێردەکـــەی چووە جێگای خۆیو بەکـــوڵو دڵ بۆ ئەویش گریا، ئیتر روو لەدوو قەبری ئەو ســـەیوانە بوو، هەمیشە بەهەناسەی ساردەوە، دەپاڕایەوە جێگایان بەهەشتی بەرین بێت.

❊ ❊ ❊

لە رۆژگاری بەکۆمەڵ سوتاندنی گوندەکانی وڵاتو لەسەردەمی لەسێدارەدانی باشترین کوڕەکانی شارو شـــارۆچکەو دێهاتی کوردستاندا، خانمی میهرەبان مێشکی هەر لەلای ستەمدیدەو هەژارو کۆڵنەدەران بوو، سەرەتای هەشتاکان ماڵە پڕ لەســـۆزەکەی یەکێک بوو لەسەنگەرە قایمەکانی نێو شارو بێ ترسو دڵەڕاوکێ، هەمیشە دایکی هەمووان بوو، زۆر نیوە شەو بەدەستە پیرۆزەکانی ئەو نانی گەرم دەخرایە بەردەستی گیانفیداکان..

لەگەڕەکدا نموونە بوو، لەنێو خزمدا هەر نموونەو لەشـــاردا هەر نموونە.. هەموو کاتێ وانەیەکی رەوشـــتو وەفاداری بەجگەرســـۆزەکانی دەووت.. کە لێیـــان دەچووە غەریبیو پێشـــمەرگایەتی بەچاوی تەڕەوە نزای بۆ دەناردن، کە پارچەیەکی جگەری ئازاری زیندانی چەشـــت، بەدەم فرمێســـک رشتنەوە دەیووت (کوڕی من بەسەر بەرزییەوە دێتەوە لام..)، کەهونەرو چاکەو جوانیی لەجگەرگۆشەکانی دەدی شانازیی پێوە دەکردن، بۆ ژانو زامو فرمێسکیشیان خۆی دەبووە فرمێسکو وشکی نەدەکرد..

دڵی مانـــدوو لێی نەگـــەڕا، لەرۆژێکی بەهاری ٢٠٠١دا ئـــەو خانمە وەک فریشتەیەک گیانی ســـپاردو وەک دایکە میهرەبانەکانی تر بووە نیشانەیەکی ئەم شـــارەو لەسەر ترۆپکی (سەیوانی ســـەر تا بەلێوان) لەکێلی گۆڕەکەی نووسرا (مەزاری دایکێکی مەزن).

# با گۆرانییەکەی جاران بڵێینەوە

رۆژی ١٩٨٠/١٢/١١ هەواڵێک وەک بروسکە خۆی کرد بەشارە غەمبارەکەی سـلێمانیدا، هـەواڵ وتی (ئەمشـەو دوابینیـی ئەکرەمەو ئیدی لەسـێدارە دەدرێ..).

هەرلەو سـاتەوە شەقامی گۆران بەخامۆشی پرسەی بۆ دانا.. دراوسێکان چوونە لای باجی حەپسـە.. ویسـتیان دڵنەوایی بدەنەوەو کەمێ ئارامی پێ ببەخشن. بەڵام سوودی نەبوو، هەنسکی گریان لێی نەدەگەڕاو بەخوڕ فرمێسک لەچاوانی دەبارین، بەدراوسێ دڵسۆزەکانی وت:

ـــ بەوخودایە لەو رۆژەوەی گیراوە دەمزانی ئەمە چارەنووسـی دەبێ و دەیکوژن.. دەمزانی دوژمن لەکوڕی من دەترسـێو داخ لەدڵن لێی، دەستیان بشـکێ، چاویان کوێربێ، روویان لەبەردەم مەحشـەردا رەش بێ.. هەڵبەت دەزانن، ئێـوەش دەزانن کوڕی من چۆن کوڕێ بوو.. هەرگیز کون لەجەرگیا نەبوو، لەوەتەی خۆی ناسیووە بۆ هەژارانو بۆ گەلی خۆی دەژی..

کوڕە گەورەکەی بەپەلە خۆی کرد بەماڵدا.. ویسـتی شـتێ بڵێو دایکی ئازار چەشتوو بواری نەدا:

ـ دەستم بشکێو چاوم کوێر بێ.. محەمەد گیان، دواسەردانی ئەکرەمە.. دەک لاڵ بم بۆ پشتی شکاوی تۆ.. دەک بمرم بۆ ماڵی بێ برای تۆ..

وەسـتا محەمەد وشـە لەگەروویدا خنکانو هیچی بۆ نەوترا.. فرمێسک چاوەکانی تەڕکردو (رۆزا)ی کچە بچکۆلەکەی برا زیندانییەکەی لەئامێز گرتو سەری بەسەردا شۆڕ کردەوە...

یەک لەدراوسێکان وتی:

ـ بەقوربانتان بم، دان بەخۆتاندا بگرن، هەر خوا خۆی گەورەیە، کێ دەڵێ ئەو هەواڵە راسـتە... محەمەد گیان لـەدەورت گەڕێم، کێ ناڵێ حوکمەکەی نەگۆڕاوە، ئەی وا ناڵێن، ناڵێن فەلەستینیەکانیش واستەیان بۆ کردوە؟!

ـ نا پورێ گیان، ئەوان لەئەکرەم ناگەڕێن.. دڵنیام دەیکوژن، نامەردنو

هەر ئەمشەو دەیکوژن..

ژنـــە خێر لەخۆنەدیوەکـــەی ئەکرەم بەرەنگی پەڕیوەوە هات و دەســـتە بچکۆلەکانی (ســـەنگەر)ی تەمەن دووســـاڵی گرتبوو، رووی کردە خەسووی‌و وتی:

–باجی حەپسە ئێمە ئامادەین..

بەهەر حاڵێ بوو باوکە پەک کەوتەکەی ئەکرەمیان خستە نێوپاسەکەوەولەبەر ماڵ جووڵان، کات خەریک بوو نیوەڕۆ جێبهێڵێ.. هەموو بەرەنگی زەردو دڵی گەرمەوە بەرەو موسڵ بەڕێ کەوتن..

ئەکرەم لەبیرەوەری هاوڕێکانیدا..

هـــەر ئەو رۆژە، هاوڕێ نزیکەکانی بڕیاریاندا بەرەو دوادیدەنیی ئەکرەم بگەنە موســـڵ.. کەلەبازگەی تاسڵوجە رەت بوون قســـە دامەزرا، باس هەر باسی ئەو بوو ، قسە هەر لەسەر ئازایەتی‌و رەوشت بەرزی‌و سادەو ساکاریی ئـــەو بوو، نموونە هەر لەســـەر روناکبیری و وەفاداری ئـــەو بوو. ئەحمەدی حەمکوڵ وتی:

– خوا ئاگای لێیە چوار مانگە، لەوەتەی گیراوەو براوەتە هەیئەی کەرکوک مـــن هەر چاوەڕوانی ئەم هەواڵە ناخۆشـــە بووم... کەبرایە موســـڵ زانیم بۆ لەســـێدارەدانە.. بەڕاست، ئەزانم ســـەنگەری کوڕی دووساڵە، ئەی کچەکەی تەمەنی چەندە؟

سەروەری فەتاحی سەمەن وەڵامی دایەوە:

–بـــەد بەختە چـــوار مانگە، لەوەتـــەی هاتۆتە ژیانەوە باوکـــی خراوەتە زیندانەوە..

هونەرمەند حەمەی نێرگز دۆســـتی گیانی بەگیانیی ئەکرەم، بەشـــداریی قسەی کردن‌و وتی:

–لەزووەوە دەیناســـم، کوڕێکی بێ وێنەبوو، لەمنداڵییەوە خەریکەو یەک رۆژ ورەی بەرزی نەوی نەبوو.. بەحوکمی خاڵۆزاو پورزایی لەگەڵ کاک مستەفا چاوڕەشدا بەیەکەوە ژیاون‌و هەربەیەکیشەوە گەورە بوون..ئەو هەرلەسەردەمی قوتابیانی گشـــتییەوە چەپو مارکسی بووە.. دەزانن هەرلەسەرکاک مستەفاو

یەکێتی گیراو ئازار دراو حوکمیش درا..

کاک جەزا وەڵامی دایەوە:

ـ بەڵێ وایە، نامەکەی ئەکرەمیان تەسلیم بەئەمن کرد.. ئیتر لەسەری بووە بەڵگەو مایەی بڕیاری لەسێدارەدانی..

حەمە وتی:

ـ ئەحمەد گیان، لەبیرتە ، لەبیرتە کەدەچوینە دەشت هەمووجار حەزی دەکرد گۆرانی (دەمەگری..مەگری)بڵێین..

ئەحمەد وتی:

ـ بەداخەوە، کوڕی وا دروست نابێتەوە. بەداخەوە..

ژیانێکی پڕ لەخەباتو تێکۆشان..

ئەکرەم ساڵی ١٩٤٥لەبنەماڵەیەکی هەژارو زەحمەتکێشی گەڕەکی سابونکەران لەدایک بوو بوو، کەگەیشتە قۆناغی ناوەندی وێڕای وانەکانی قوتابخانە هەمیشە پەرۆشی خوێندنەوەی بابەتی ئەدەبیاتو کتێبی سیاسی بووە.. لەئامادەییدا بۆ هاوکاریی باوکە کرێکارەکەی، هاوینان بە بۆیاخچێتیو کرێکاریی خۆی خەریک دەکرد..

کەچۆتە ناو ڕێکخستن لەگەڵ هەریەک لەوەستا محەمەدی برا گەورەی و نەسرین خانی خوشکیو مستەفا چاوڕەشی خاڵۆزای کاری ڕێکخستنی کردوەو ئەوان ئاگاداری جموجۆڵی بوون..

لەریزی شانە ئاگرینەکانی (قیادەی مەرکەزی)دا هەڵمەتی شێر ئاسای بردووەو گەلێک زەبری کوشندەی بەدوژمن گەیاندوە..

لە٦٨دا بۆ کاری ڕێکخراوەیی براوەتە بەغداو لەگەڵ هاوڕێ بوێرەکانیدا گەلێ کاری پڕ لە جوامێریو گەلێ داستانی ئازایەتییان تۆمار کردووە.

ماوەیەک لەریزی بەرەی میللی ڕزگاریخوازیی فەلەستیندا خەباتی کردوە.. لە٧٨دا خێزانی پێکەوە ناوەو هەموو مەبەستێکی ئەوەبوو منداڵەکانی بەرێگای ڕاستدا بڕۆنو بەبیرباوەڕی شۆرشگێڕانەو مرۆڤدۆستانە جۆشیان بکات..

لەنیوەشەوێکی مانگی ئابی١٩٨٠دا (ملازم موحسین)و چەکدارەکانی، گەڕەک و سەربانی ماڵی ئەکرەمی وەستا حەمە ئەمین ناسراو بە (ئەکرەمی

حەپسە) یان گرتو دەستگیریان کردو بەرەو ئازارو لێدانو هەڵواسین برا..

هەرچۆن مەزنە مرۆڤانی کورد لەزینداندا باوەڕو ورەی بەرزیان کێو ئاسا دەمێنێتەوە، ئەکرەمیش یەکێک بووە لەو قارەمانانە کەبەرگەی هەموو جۆرە ئازارێکی گرتووە..

مامۆستا مەحمود رەشید قەرەداغی یەکێک بووە لەشایەتەکانی زیندانی ئەکرەمو سەبارەت پاڵەوانێتی ئەو کوڕە هەڵکەوتووە باسی کردو وتی:

ـ چەند مانگێک شەهیدیان هەڵواسیو هەموو جۆرە ئەشکەنجە دانێکیان لەگەڵدا تاقیکردەوەو بێ سوود بوو، لەنێوان ئەمنی سلێمانیو هەیئەی کەرکوکدا بەدەست ئازایەتی ئەوەوە دامابوون، یەک وشەیان لێ هەڵنەکڕاند، بەڵام دواجار بەهۆی دڵپاکی خۆیەوە هەندێ لەنهێنییەکانی ژیانو خەباتی لای گەنجێکی هەڵخەڵەتاوی سەربە ئیدارەی هەیئە درکاند بوو (کەوەکو زیندانی کرابووە ژوورەوە)، ئەویش گەیاندبووی و ئەوە بووە بەڵگەو بڕیاری لەسێدارەدانی.. بەڕاستی هەموو زیندانییەکان پەرۆش بوون بۆ ئەو قارەمانە.

هەروەها کاک نەژاد حەمە باقی لەزیندانی هەیئەدا ماوەیەک لەگەڵ ئەو تێکۆشەرەدا بووە، ئێستاش یادگارە شیرینەکانو ئازایەتیو زەردەخەنەی سەر لێوی شەهید دەگێڕێتەوە..

لەپێشوازی میوانەکانیدا..

سەر لەئێوارەی١٢/١٠بەچاوی تەڕەوە دایکو باوک وژنو منداڵو خوشکو براو کەسوکاری نزیکی ئەکرەم لەبەر زیندانەکەی موسڵدا بوون.. بروسکەی ئەکرەم کەداوا لەکەسوکاری دەکات دوا دیدەنی بکەن نیشاندراو برانە ژورەوە..

رێنمایی کران ، کەبەئسوولی دەیبینن‌و هیچ ئاژاوەیەک نابێ رووبدات. بەدووکەس باوکی ماندوویان گەیاندە ژوورەوە..

شەوی مەرگی ئەکرەم داهات.. هەموو بەدیداری گەیشتن، ئەکرەم هەر کوڕە ئازاکەی جاران بوو..

زەردەخەنەی سەرلێوی هەر زەردەخەنە جوانەکەی جاران بوو.. وتەو گوفتار هەر وتەی زمانە شیرینەکەی جاران بوو...

تێر تێر هەردوو جگەر گۆشـــەکەی ماچکـــرد، کوڕەکەی لەباوەش گرتو کچەکەی نایە سەر شانی.

بەدایکی وت:

-دایە گیان، غەمت نەبێ، ئەهادوو منداڵی جوانت بۆ جێدێڵم. غەمت نەبێ دایە گیان، ئەی تۆ بۆ ئەم رۆژەت گەورە نەکردم..

ئینجا بەکاکی وت:

ـ بەسەر بەرزیت دەســـپێرم، کاکە گیان سەرت بەرزە برایەکی شەهیدت دەبێت..

کەهاوڕێکانی گەیشـــتن، ســـەرەتا ویســـتیان رێگای چوونـــە ژورەوەیان نەدەن.. وتیان درەنـــگ هاتوونو کات نەماوە، ئەمانیش زۆریان لەگەڵ وتنو زۆر پاڕانـــەوە کەلەدوابینینی هاوڕێکـــەی خۆیانیان نەکەن.. رازی بوون بەو مەرجەی لەژوورەوە هێمن بن و هوتاف نەکێشن..

هەر کەهاوڕێکانی بینی وەکو گوڵ گەشایەوە..

-دەک بەخێربێن، چاوو دڵم روون، بەراستی عەزێتتان کێشا..

ئەمان غەمگینو بێ رەنگ، ئەویش هەر کوڕەکەی جاران..

دوای کەمێ دانیشتن.. رووی کردە کاکە حەمەو هاوڕێکانی...

-قوربانتـــان بم، بـــا بەیادی جارانـــەوە پێکەوە گۆرانییە خۆشـــەکەمان بڵێینەوە..

ئەوەی وتو خۆی دایمەزراند:

-دەمەگری مەگری چاوانت دێشێ

دایکی خۆت نییە نازت بکێشێ

ئەوانیش بەقورگی پڕو چاوی پڕ لەفرمێســـکەوە بۆیان سەندەوە.. ئینجا رووی کردە (ئاوان)ی هاوسەریو بەدەنگی بەرزتر وتی:

-دەمەگری مەگری چاوەکەت جوانە

هەرچەند تۆ دەگریت ماڵم وێرانە

لێپرســـراوی ئەو بەشـــی لەســـێدارەدانەی ئەکرەمی تیادا بوو، بەتوڕەیی قسەی کردو وتی:

–ئەمەچییە ئەکرەم، نەمان وت ئەم شتانە قەدەغەیە..

لەسەر خۆ وەڵامی دایەوە:

__نا.. مەترسە، هوتاف وســروود وتن نییە، ئەمە ئەو گۆرانییە خۆشەیە کەلەگەڵ ئەم برادەرە عەزیزانەم دەچووینە سەیران دەمانووتەوە..

کابرا بەسەر سووڕمانەوە وتی:

تۆلەکوێو گۆرانیو سەیران لەکوێ...

کات گەیشـــتە (١٠)ی شــەو .. هۆڵەکە رەنگی مەرگــی پێوە دیاربوو.. هەموو ماچیان کردو جێیانهێشــت. بەتەنیا ئەکرەم و زەردەخەنەی سەر لێوو باوەڕی بەرزی و پەتی سێدارەکە مانەوە..

یادگارە جوانەکان..

بەرلەوەی پەتی سێدارەی دوژمن رازەکانی نێو سنگی ئەکرەم شەهید کات، بەرلەوەی دەنگی وشەکانی کپ بێت، لەژووری زیندانەوەو لەسەر کاغەزی نێو پاکەتی جگەرەکانی، ئەو هەڵۆیە ســێ نامەی گەیاندەوە کوردستان، دوانیان بۆ ماڵەکەی خۆیو یەکێکیان بۆ نێو چیاکان..

لەیەکەمیاندا بۆ کاکی نوسیبوو:

(دەستو قاچی دایکمو باوکم ماچ ئەکەمو چاوی ئاواز ماچ ئەکەم، وائەزانم پێویســت ناکات بڵێم ئاگات لەمنداڵەکانم بێت، چونکە ئەزانم وەکو ئەوانەی خۆتــن لەلات ... خۆت ئەزانیت کە ئاواز منداڵە، لەبەرئەوە داواکارم ، ئەگەر خۆشــی رازی نەبێت هەر بەزۆر فەرزی بکەن بەســەریا کە شــوو بکاتەوە، چونکە ئێمە کەلەژیانماندا تێکۆشاوین بۆ بەختیاری ئادەمیزاد بووە، نەک بۆ بەدبەختییانو حەز ناکەم ئەو بمێنێتەوە بێ شووکردن..).

بەڵام ئاوازی ئەڤینداری شەهید ژیانێکی هەڵبژارد کەسەرتاپای بۆ جووتە منداڵەکەیو بۆ بیروەرییەکانی ئەکرەمی هاوسەری شەهید بێت..

لەدووەمیانــدا، بــۆ منداڵەکانــی نوســیبوو: (بۆهــەردوو منداڵــە خۆشەویســتەکەم.. ئەمشەو سەعات دوانزەی شــەو دوا هەناسەمان لەگەڵ دنیایەک هیواو ئاواتا بەپەتی ســێدارە ئەتاسێت. منداڵە نازدارەکانم، ئێستا من تەمەنم ٣٥ســاڵەو نزیکەی ٢٠ســاڵە لەریزی جوڵانەوەی شۆڕشــگێڕیدا

تێکۆشـــاوەو هەرگیز درێخیـــم نەکردوە، درێخیم نەکردوە لەپێشکەشـــکردنی خۆشەویسترینو بەنرخترین شت کەئەویش گیانمە، خۆشەویستەکانم، کەئەم نامەیە دەخوێننەوە کاتێکی زۆر بەســـەر شـــەهید بوونی باوکتانا تێپەڕیوە، بێگومانـــم لەوەی کە بۆ ئێوەش مەجالێکی فراوانی تێکۆشـــان ئەمێنێت، من هەموو ئامانجێکم ئەوە بوو کەبەشـــێوەیەکی واپەروەردەتان بکەم کەهەمیشە بەهۆشـــیارانە ئامادە بن بۆ تێکۆشانێکی سەخت لەپێناوی مەزنترین چینو راســـتترین بیروبـــاوەڕ، کەئەوانیش چینی کرێکارو بیروباوەڕی مارکســـیزم-لینینزمە..

خۆشەویستی شـــتێکی پیرۆزەو پیرۆزترین خۆشەویستیش خۆشەویستی کتێبە ، بۆیە داواتان لێ ئەکەم کەیەکەمین یاری نازدارتان کتێب بێت، دوای ئەو شتی تر، ژیانێکی پڕلەتێکۆشانتان بۆ بەئاوات ئەخوازم.

باوکتان - ئەکرەم١٠/١٢/١٩٨٠...

لەسێهەمیاندا بۆکاک مستەفا چاوڕەشی نووسیبوو:

(چاوەکەم.. مستۆ گیان.. سڵاو..

ئەمشـــەو دواهەناســـەمان ئەخنکێنن، وا تێ نەگەیت من دوور بووبـــم لەجوڵانەوەی نیشتمانیی، من هەموو گیانی خۆم لەپێناوی بیرو باوەڕو ڕێگای رزگاریدا بەختکرد.. تۆش ئاگات لەخۆت بێت، چاوت لە منداڵەکان بێت، ئەگەر بۆت بکرێ دایکت بنێرە بۆ لای کاکە حەمەی* برات..).

لەموسڵ جەستەی بێ نازی شەهید ئەکرەمی حەپسە شوێن بزر کرا..

ئەویـــش یەکێکە لەهەزاران شـــەهیدی کورد کەتائێســـتا بێ گۆڕنو خۆشەویســـتانو هاوڕێیانو کەســـوکاریان ڕێگای چونەوە سەریان نازانن، تا هەمیشە گوڵی ڕەنگاو ڕەنگی کوێســـتانەکانی کوردســـتانیان لەســـەر دانێن، بەڵام ناو و یادو خەباتیان لەدڵو دەروونی هەمووواندا زیندووە.

# کەئاگر (دەریا)ی
# خامۆشکرد..!

لەگۆڕستانی (شـــێخ محێدین)ی ســـلێمانی.. لەنێوان هەزاران جەستەی راکشـــاودا.. لەنێـــوان ئەو هەموو شـــەهیدو جوانەمەرگو حەســـرەت دیدەو پیرەمێردو پیرەژنـــە نورانییەو، لەنێوان کۆرپەو ســـاواو منداڵاندا کە لەگەڵ داخســـتنی چاواندا هـــەرزوو بوونەتە (چۆلەکەی بەهەشـــت).. لەنێو گۆڕی ســـەدان دڵدارو بە موراد نەگەیشـــتوو.. لەنێو ســـەدان هەژارو ماندوودا کە هەمیشـــە نانێکی گەرمیان لێ دەبووە مانگی ســـوور.. لەنێـــوان ئەو مرۆڤە هەناسەســـاردانەی هەر لەبەر ئەوەی (ئافرەت)بوون بەمل کەچی ژیانو بەبێ نازی مردنو رازو قسەی دڵیان بردە ژێرگڵەوە..

لەنێوان هەموو ئەو گۆڕانەدا، بۆ ســـێ ســـاڵو نیو دەچێ جەستەی ئاگر تێبەربـــووی دوو مرۆڤی دیکە بوونەتە میوانی شـــێخ محێدینو هەموو رۆژانی هەینییەک، کەســـوکار دەبنە میوانیـــانو دوای ناردنی درود بۆ گیانی پاکو خاوێنیان، فرمێسک دەڕژێننە سەر گڵکۆیان..

ئەوان بەمەرگێ شـــاد بوون کە هەرگیـــز چاوەڕوانی نەبوونو.. ئەمانیش بەمەرگی ئەوان ئاگر بەربووە دڵو دەروونیانو بۆ ســـێ ساڵو نیو دەچێ ئەو ئاگرە نێڵە نێڵێتیو هەرگیز خامۆش نابێ..

ئەوان رۆیشتنو دوو گۆڕیان لێجێما، یەکێ بچووکو یەکێ گەورە.. رۆیشتنو بوونە بەشێک لەمەرگەساتی گەلی خۆیانو بوونە چەمێکی بەخوڕو رژانە نێو رووباری نەسرەوتی خوێنی شەهیدان..

ئەمانیش دوو پەیکەریان لەبیرو دەرووندا بۆ تاشینو هەمیشە کڕنووشیان بۆ دەبەنو لەئاستیاندا راوەستاونو جێیان ناهێڵن..

ئەوان دوو درەختی ســـەوزن، یەکێ باڵابەرزو پڕ لقو پۆپ وەک درەختی بەدیمەنی بەر ماڵە هەژاران، یەکێ هێشـــتا نەمامی ساوایەو لەسایەو سێبەری درەختە گەورەکەدایە..

ئەوان دوو گیانی زیندووی نێو باخچەکانی بەهەشتن.. ئەمانیش هەمیشە لەگەڵ یادگارەکانی ئەواندا دەژین.

**لە پێناوی ڕۆشنایی چاوەکانیدا..**

ناوەڕاستی ئابی ١٩٩٥، حاجی حەپسەی پیرەژنی ئیماندارو خۆشەویستی هەموو لایەکو سەرچاوەی سۆزو ڕێزی خێزانەکەی، کوڕەکانی ئاگادار کرد کە بڕیاری داوە بۆ نەشتەرگەریی چاوە کزەکانی بچێتە بەغدا..

کوڕە ناوەنجییەکەی وتی:

ـ دایەگیان دنیاگەرمەو ماندوو دەبیت، بۆ کەمێ دوای ناخەیت؟

ئەویش وەڵامی دایەوە:

ـ نا کوڕم بازەلیل نەبم .. ئینسان کەچاوی دانا مەرگی باشترە..

کوڕی گەورە وتی:

ـ باشە خۆم دێم لەگەڵتا..

وەڵامی دایەوە:

ـ نا بەقوربانت بم، ماڵو منداڵی خۆت جێمەهێڵە.. من (دەریا)م بەسە لەگەڵم بێ.. خەمت نەبێ، لەوێش دەچمە ماڵی خوشکەکەتو ئەو نایەڵێت لەهیچم کەم بێ..

ئینجا کوڕە بچووکەکەی وتی:

– ئاخر دایەگیان دەریا چی پێدەکرێ.. بۆ نازانی ڕێگا چەندە ناخۆشەو حکومەت لەکەرکوکەوە چی بیانوو دەگرنو چۆن ڕێگای خەڵک دەدەن.. بۆ نازانی خەڵک بەچی دەگەنە کەرکوک؟ دایەگیان با لەبری دەریا من بێم لەگەڵت..

دەستی خستە سەرشانی کوڕە بچووکەکەیو بەدەم پێکەنینەوە وتی:

– بەساقەت بم، منو دەریا بەڵێنمان داوە هەمیشە پێکەوە بین.. هەمیشە پێکەوە بژین.. تەنانەت پێکیشەوە بمرین..

کوڕەکانی ڕازی کرد.. ئەوانیش خەرجی سەفەریان بۆ ئامادە کردو یەک لەدوای یەک دەستە پیرۆزەکانی حاجی حەپسەیان ماچ کرد..بەر لەوەی جێی بهێڵن چاو ودڵیان تێبڕی.. کە جێشیان هێشت هەرسێکیان دڵیان لای دانا..

هەقیان بوو.. وردو درشتی رابردووی حاجیو ژیانی پڕ لەمەینەتیو رەنجی دوورو درێــژی ئەو دایکەیان دەزانــیو لەبەرچاو بوو، ئەو دایکەی بە بێوەژن کۆشــی بەخێویکردنو خۆیانو سێ خوشــکیانی گەورە کردو کردنیە مرۆڤی ئەوتۆ کە خۆیو کەسوکاری شانازییان پێوە دەکردن..

شــەو داهات، دەریا وەک هەموو شــەوانی تر چــووەوە باخەڵی گەرمی دایکە حاجییەوەو بەدەم باســی بەغداو چوونە بازاڕو چوونە زیارەتی شــێخ عەبدولقادرەوە خەونی شیرین لەچاوە گەشەکانی کەوت.. بۆ بەیانی کە ٢٠ی ئاب بوو، بەرێکەوتن...

## عومرێکی پڕ لەحەسرەت

حاجی حەپســەی تەمەن (٧٥)ســاڵ، زۆربــەی ژیانــی بەکولەمەرگیو کوێرەوەری بەســەر بردبوو، کاتــێ لە (کانی ئاســکان)لەدایک بووە باوکی بەهاتوچۆی نێوان شارەکەیو ئێران نانی پەیدا کردووە.. زۆر منداڵ بووە کە باوکی بەکارەساتێکی دڵتەزێن کوژراوەو کۆتایی بەژیانی هاتووە.. ئیدی لەگەڵ تاڵی رۆژگاردا گەورە بووەو هەژارییو نەبوونی بەباڵای تەمەنی براوە..

کە شــووی کــردووە دووبارە هــەژاری دووچــاری مەینەتییەکانی ژیانی کردووە.. خوا شــەش منداڵی پێداوە.. بەر لەساڵی حەفتا مێردەکەی فرمانی یەزدان بەجێدێنێو ئیدی بووەتە دایکو باوکی منداڵەکانی..

ئــەم خانمــە، زۆرجوامێرانــە رەنــج دەداتو منــداڵ گــەورە دەکات، ســاڵی (٧٤)خۆیو کۆرپەکانی دەچنە ژێر سێبەری شــۆڕشو لەوێوە بەرەو ئێــران... کــە دەگەڕێنەوە خانوویەکــی قــوڕی دوو ژووری دەبێتە مەنزڵو پەناگەیــان.. زۆر شــەو خۆیو منداڵەکانی بەنانی وشــک رۆژ دەکەنەوە.. بەدرووومانو نانکەریی ماڵان، خێزان دەبات بەڕێوەو کۆڵ نادات..

هاوســێو دەستە خوشکەکانی بەبینینو گفتوگۆی ئەو ژنە کارامەیە گەلێ ساتی رۆژگارو شەوگار دەبەنە سەر..

لەخۆشی وناخۆشی هەمووواندا بەشــدار بووەو لەحەفتاکانو هەشتاکاندا خەونێکی دێرینی دێنێتە دی، کە سەردانی حەج بووە.. لەرەمەزانو شەوانی

هەینیو جەژنەکاندا حاجی ســـەردانی کاک ئەحمەدی شـــێخی کردووەو لەوێ بەدڵی گەرمەوە پاڕاوەتەوە منداڵەکانی ســـەلامەت بنو کوڕی خەڵکی نەبنە قۆچی قوربانی..

## ئەو منداڵەی بووە کچە بچکۆلانەکەی...

ســـاڵی (٨٩)، کاتێ حاجی لەگەڵ چەند دراوســـێیەکیدا بەلای مزگەوتی گەورەدا رەت دەبن، ژنێکی عەبا بەســـەر منداڵێکی ساوای شیرەخۆرە لەژێر عەباکەی دەردێنێو روو دەکاتە ژنەکان:

– بەقوربانتـــان بم، کارێکی بەپەلەم هەیەو ئـــەم منداڵەم بۆ بگرن، هەر ئێستا دێمەوە لاتان..

چاوەڕوانی وەڵام ناکاتو دەیداتە دەســـت یەکێکیانو بەرەو خوار تێکەڵ بەئاپورەی خەڵکەکە دەبێو لەچاویان ون دەبێ.. منداڵە یەک مانگەکە دەداتە گریانو .. یەک لەژنەکان دەڵێت:

– ئەیەڕۆ ئەو ژنە چیکرد.. بۆ کوێ چوو؟

یەکێکی تریان دەڵێ:

– باشە بۆ لێت وەرگرت..

حاجی دەڵێ:

– قەینا دایکەکەم.. با چاوەڕێی بین.. بزانین مەسەلە چییە؟..

ماوەیەکـــی باش لەو جێگایەدا دەوەســـتنو ژنە ناگەڕێتەوە.. هەموو غەم دایاندەگرێ..

یەکێکیان دەڵێ:

– کچێ چی لێ بکەین..

هەموو دۆش دادەمێنن.. حاجی لەهاتنەوەی ژنەی خاوەن منداڵ هیوا بڕاو دەبێ.. لەسەرخۆ دەڵێ:

– چی بکەین، کاری خوایە.. دەبێ یەکێکمان بیگرینە خۆ..

ژنەکان یەک لەدوای یەک وەڵامی دەدەنەوە:

– ئەی قوڕ بەسەرم، بۆمن ئەوانەی خۆم جوان بۆ بەخێو دەکرێ ئەمیشیان

بچێتەسەر..

– بەخوا باشە، وەڵاهی مێردەکەم بەمنداڵەکەوە دەمکاتە دەرەوە..

– هــەر خــوا دەزانێ چــۆن لەدایک بووەو کچــی کێیــە.. بابیبەین بۆ خەستەخانە..

حاجی سەرپۆشــەکەی تونــد دەکاتەوەو عەباکەی دەداتەوە بەســەرداو بەهەموویان دەڵێ:

– سەری دنیا بەپووش نەگیراوە.. قەیناکا، خۆم دەیبەمەوە.. کێ دڵی دێ ئەم گوڵە بێکەس بێ.. بەخوا دایکم لەئێســتاوە رەحمم چووەتە سەری‌و دەیکەم بەمنداڵی خۆم..

توند دەینێ بەسنگییەوەو بەرەو ماڵ دەیباتەوە.. حاجی، هەرزوو منداڵە بچکۆلەکەی لەدڵدا شیرین بوو.. وەک گوڵ بەخێوی کرد.. ناوی نا (دەریا).. کە دیارنەمایە عەوداڵی دەبوو.. نەیدەهێشــت هەرگیز لێی دوور بێ‌و باشترین خواردنی دەدایەو جوانترین جلی بۆ دەکرد..

دەریا بووە خۆشەویســتی هەمووان.. بووە هاورێــی کچەزاو کورەزاکانی حاجی حەپســە.. ئەویش بەدەستە بچووکەکانی ئاوی دەهێنا بۆ دایەو سەرو قژە زەردە جوانەکەی دەخستەســەر رانی دایەو بەدەنگە ناسکەکەی قسەی دەکرد بۆ دایە..

دەریا بەرەســمیی بووە کچی دایکی خۆی‌و شــەوانە لەگــەڵ حەکایەتدا دەستی دەکردە ملی خەوێکی قووڵ‌و شیرین..

## گەڕانەوە بەئوتومبێلی مەرگ...

دوای ئەوەی حاجی حەپســە لەبەغدا نەشتەرگەریی چاوی بۆ کراو پانزە رۆژ لەوێ مانەوە، رۆژی ۱۹۹۵/۹/۸هاتنەوە کەرکوکو، لەوێ غەمی گەڕانەوە بەرەو سلێمانی دایگرت..

نەیدەهێشت (دەریا) هەست بەماندوێتی خۆی‌و ترسی چۆنێتی گەڕانەوەیان پەیدا بکات..

نێوەڕۆ بوو، دوای نانخواردن لای (حەسیرەکان)خوا شۆفێری ئوتومبێلێکی

لۆری بۆ ناردن..

لەگەڵیا رێککەوت کە بیانهێنێتەوە بۆسلێمانی.. ئەویش وتی:

- باشـــە، لێرە چاوەڕێم بن، دەچم هەندێ نەوتو بەنزین دەکڕمو دێمەوە بۆلاتان..

حاجی بیســـتبووی‌و ئاگاداربوو کە ماوەیەکە رژێم ناهێڵێ ســـووتەمەنی بگاتە لای خۆمان، هەر بۆیە بەدەبەو جەلیکانە خەڵکی‌و شـــۆفێرەکان نەوتو بەنزین دەردەکەن..

کەمـــێ دڵی داخورپا.. ئەو تەنیا بیـــری لای ئەوە بوو لەبازگەکە رێگایان نەدەنو بەهـــۆی نەوتو بەنزینـــەوە دوابکەون.. دەریا ســـەرنجی دایکیدا.. هەربۆیە لێی پرسی:

- دایە، ئەوە بۆ وا بێتاقەتی..

وەڵامی دایەوە:

- هیچ نییە بەقوربانت بم.. هیچ نییە..

ئینجا وتی:

- ئەی دایە کەی دەڕۆینەوە؟

وەڵامی دایەوە:

- دەڕۆینەوە عەمرەکەی دایە.. تۆزێکی تر دەڕۆینەوە..

پـــاش ماوەیەک چاوەڕوانی، لۆرییەکە گەڕایەوە.. شـــۆفێرەکە بانگی لێ کردنو ئەمانیش سەرکەوتن.. بەرەو بازگەی مەرگ کەوتنە رێ..

حاجی دەســـتێکی لەســـەر پـــەڕۆی ســـەرچاوە عەمەلیـــات کراوەکەی‌و دەستێکی لەملی دەریادا بوو.. سەرنجیان دا ریزێکی دوورو درێژ لەئوتومبێل وەستاون..

- خودایە، کەی نەجاتمان بێ..

شۆفێرەکە وتی:

- خەمـــت نەبێ دایەگیان.. ئەم دڕندانە رۆژانە ئەم بەزمەمان پێ دەکەنو بەبیانوو و قسەی ناخۆشەوە بەرێمان دەخەن..

سەرەیان هاتە سەر، دوو کڵاو سوور کەوتنە پشکنینی لۆرییەکە..

سەرکەوتنە ســـەرێ، بەبینینی نەوتو بەنزین شێتگیر بوون.. پەلاماریان دانو دەســـتیان کرد بە فڕێ دانیان بۆ خـــوارەوەو بەقڵپ کردنەوەیان بەناو پشتی لۆرییەکەدا..

لەپـــڕ ئاگر بەربووەوە، ئاگر کڵپەی ســـەند.. ئوتومبێلەکە گرتیو بەپەلە کابرای شۆفێر خۆی فڕێ دایە خوارەوە..

دەنگە دەنگو هاواری ســـەربازەکانی بازگەو هاواری شۆفێرو خەڵکی ترو دەنگی لێخوڕینی بەپەلەی ئوتومبێلەکان تێکەڵ بوون..

هەمـــوو لەئاگـــر دوور دەکەوتنەوە، دەریاو دایکی نەبـــێ بەواق وڕماویو ترسەوە دەیانڕوانییە ئاگری بێ بەزەیی..

دەریا چووە باوەشی دایکییەوەو توند توند خۆی پێوەنووسان..

ئاگر بەربووە جەســـتەیان.. جلو پێستو قژو گۆشـــتیان بووە خۆراکی ئاگری سوورو ئەوانیش هێدی هێدی وەک مۆم دەتوانەوە..

کە ئاگرەکـــە خامۆش بوو.. دوو مرۆڤی ســـوتاو بینرانەوە، دایکو کچێ کەهێندە دەستیان لەملی یەکتر کردبوو، بوو بوونە یەک جەستە..

## ئەمجارەیان باوەشت زۆر گەرمە..

چل رۆژ دوای کۆچکردنیان.. یان شەهید بوونیان، بارانی کەمی ناوەڕاستی تشرین گڵکۆی دایکو کچی تەڕ دەکرد..

ماوەی چل رۆژ بوو رۆحیانەتی بێگەردی دایکو کچ لەگۆڕستانەکەی شێخ محێدین ئارامیان گرتبوو..

ژنانی گۆڕســـتان لەدەوری (حاجی) کۆ دەبوونەوەو ئەمیش بەسەر هاتی ژیانی پڕ لەحەســـرەتی خۆی بۆ دەگێڕانەوە.. چل رۆژ بوو دایکی ســـووتاو، شالاّوی ئاگری بێ بەزەیی بازگەکەی کەرکوکی بۆ باس دەکردن..

چل رۆژیش بوو منداڵانی نێو دڵی ئەو گردە (دەریا)یان جێنەدەهێشـــتو سەرنجی پرچی خاو و چاوە گەشەکانیان دەدا..

بەڵام دەریا نەیدەزانی باســـی ئاگر تێبەربوونـــی خۆیان بۆ بکات.. بیری نەبوو چۆن چۆنی مردووە..

تەنیا دەیووت (من لەباوەشـــی دایکی خۆمدا بووم وهەر لەگەڵ ئەویشدا هاتم بۆ ئێرە)..

چلەی ماتەمی دایکو کچ بوو.. کوڕانو کچانو کەســـوکارو دراوســـێکانی حاجی حەپسە هەموو لەوێ بوون..

لەســـەر گۆڕی حاجی نووســـرابوو (ســـاڵی ١٩٢٠لەدایک بووەو ســـاڵی ١٩٩٥بەمەرگەساتێ شەهید بووە)..

لەسەر گۆڕە بچووکەکەی دەریاش نووسرابوو (چۆلەکەی بەهەشت)، یەک لەئامادەبووان وتارێکی خوێندەوە، تیایدا وتی:

– ئەوە چییە دایە، ئەمجارەیان باوەشت زۆر گەرمە..

– ئـــەی چۆن کۆرپەم، لەئامێزی یەکدا دەبین، بۆ ئەو دنیاش هەرپێکەوە دەبین.. ئەی ئێمە هەمیشـــە دۆعامان نەدەکرد کە هەر پێکەوە بینو پێکەوە بین..

# کاتێ ڕۆڵەکانی گەرمیان
# بوونە میوانی بەرانان

ئەوانەی بەهۆی کوردەوە تالاو چووە بەگەروویانداو لەپێناوی گەلدا دوژمنان ئازاریان داون یەکجار زۆرن، گەلی ئێمە بەدرێژایی تەمەنی ســتەمدیدەبووە، لەهەر ســەردەمو رۆژگارێکدا هەزاران مەرگەسات لەرۆڵەکانی کورد قەوماوەو ئەمــەی بۆتانی دەگێڕینــەوە یەکێکە لەهــەزاران نموونەی ژیــانو ئاکامی بەدبەختی، مەرگەساتێکەو زامێکە کەساڕێژبوونی بۆ نییە.

## خاڵۆ تایەری گەرمیانی

خاڵــۆ تایەر ئەحمەد ســەعدوڵڵا، لەدایکبووی ســاڵی (١٩٣٠) لەگوندی (حەفتا چەشمە)ی سەر بەناوچەی (جەبارە)ی کەرکوک، گوڵەکانی رۆژگاری لاوێتی خۆی لەبالای تفەنگەکەی بەســتو لەشۆڕشی کورددا هەڵۆیەکی ئەو گەرمیانــەی دایکی هەڵۆیان بوو، لەدوای ســاڵی ١٩٧٥ دەگەڕێتەوە شــاری کەرکوکی خۆشەویستیو لەوێ بۆ دابینکردنی ژیانو لەپێناوی نان پەیداکردندا شان دەداتە بەر گەلێ کارو کاسبی .

خاڵۆی رەنجەڕۆی شاخو شار، خاڵۆی خاوێنو دڵسافو بێگەرد، لەسالانی بالادەســتی رژێمدا هەر پیاوە دڵســۆزەکەی گەرمیان بوو، لەگەڵ ژیانی نێو ماڵو منداڵیــدا وەک ئاگری دەروونی بۆ کورد دەســووتا. کەبانگی راپەڕین لەچیاکانی کوردســتانەوە درا، خاڵۆی شەســتو یەک ساڵ وەک هەڵۆکەی جاری جاران لوولەی تفەنگی نووســان بەنێو چاوانییەوەو بووە بەشــدارێکی گیان لەســەر دەســتی راپەڕین.. کەکەرکوکی هەمیشــە داگیرکراو لەلایەن رژێمــەوە داگیرکرایــەوە خاڵۆ تایەر چاوانی بەرایی نەهــات بچێتەوە ئەوێ، واز لەماڵو حاڵەکەی دێنێو بە نۆ ســەرخێزانی گــەورەو وردەوە روودەکاتە چەمچەماڵ، لەوێ ماوەیەک دەمێنێتــەوەو ژیانی تاڵ لاپەڕەی دیکە دەخاتە سەر ئەوانەی رابردووی.

## کۆڕەو .. شەڕی نێوان ژیانو مەرگ

کەگەلی ئێمە بەجارێ رەوی کردو لوولەی رەشــی تانکو تفەنگی دوژمن روویــان کــردە چەمچەماڵ، خاڵــۆی خێرنەدیو بەخــۆیو خێزانیەوە بەرەو

ناوچەکانی سلێمانی کەوتنەڕێ، خۆیو هەشت منداڵو کچێکی بەشوویو دوو منداڵ، ژمارەیان (١٢)کەس بوون، دوانزەی بێ بەرگو بێنان لەگەڵ شـــەوی ســـاردی ڕەودا وەک زۆربەی خەڵکی هەژار بەپێ ڕێگایان دەبڕی، لەشەوێکی ئەنگوســـتەچاودا، لەشەوێکی بەهاری ڕێژنەی باراندا بەنێو ڕێگای پڕ لەقوڕو چڵپاودا، زریکەی منداڵی برســـیو هاواری پڕ لەســـۆزی جەستە ماندووەکان ترســـێکی بێ وێنەیان دەخستە دڵی خاڵۆوە، خودایە چی بکات، ئەو هەرگیز کۆڵی نەداوەو ئێســـتا هیچی لەدەســـت نایە! ئەگەری هاتنی دوژمن بەڕێگای سەرەکیدا بڕیاری پێدەدات خۆیو جەرگەکانی ڕوو بکەنە (بەرانان)، بەرانانی دایکی دڵســـۆز، دەخیلبە ڕێبوارانی مەنزڵ نادیار دێنەلات.. بەرانان دەبێتـە هەواری شەو گوزەراندن..!

بەیانی زوو بەگیانی ماندوو و سکی برسییەوە هەنگاوە خاوەکانیان بەرەو گوندی (ئەڵڵایی) هەڵدێننو، لەڕێگا بەخەڵکی ڕوو لەڕەو دەگەنو ئاگاداریان دەکەنـــەوە کە (بازیان)و (ئەڵڵایی) لەلایەن ڕژێمـــەوە گیراونەتەوە، ئەوانیش بەبێ ئومێد ڕوودەکەنەوە چیا.

## مەرگی منداڵ.. مەرگی ژیان!

شـــەوی دووەمی بەرانان لەشـــەوی یەکەم دژوارتربوو، بەردەوام دەباری، برسێتیو نەبوونی حەشارگەیەک بۆخۆی کارەساتێکەو لەوێنەی نییە، گریانی بەردەوامی منداڵ ئیقاعێکی ترســـناکەو گـــەورەش لێی دەتۆقێ.. بەیانی زوو خاڵۆی ماندوو منداڵەکانی بەسەردەکاتەوە، یەکە یەکە بانگیان دەکا، سەرەتا لەسەرخۆ، پاشـــان بەدەنگی بەرز، ســـەیرە.. وەڵام نابیستێ، دەچێ بەلای ئەوانیترەوە، دەبینێ سەرما گرمۆڵەی کردوون.. دڵی خۆی دەداتەوە!

- ناحەقیان نییە برسێتیو سەرما نوزە لەگەرووی گەورەشدا ناهێڵێ..

ئەمجارەیان بەسەریاندا دەچێتـەوە، لێیان نزیک دەبێتەوە، سەریان بەرز دەکاتەوە.. لەگەڵ هەڵڕشـــتنی فرمێســـکەکانیدا هاوار دەکاتە ئەوانی دیکەو سەر بۆ لوتکەکانی بەرانان هەڵدەبڕێ:

- ئەی هاوار جەرگســـووتاو خـــۆم، ماڵوێران خۆم، ئەی هاوار شـــادانو

شۆخان، ویدادو ئەحلامم مردوون، خوای گەورە هەر خۆم زەلیلم..
منداڵەکانی تـــر بەڕەنگی نیوە مـــردووەوە دەڕواننە جەســـتەی داماوی جوانەمەرگەکانیـــان.. خاڵـــۆی جەرگ برژاو بۆ وەدەســـتهێنانی شـــقارتەو بەئومێدی ئاگرکردنەوەیەک، منداڵـــە زیندوو و مردووەکانی بەجێ دەهێڵێ.. پاش ماوەیەک کابرایەکی تووش دەبێ.. کەخاڵۆ خەمی خۆی بۆ هەڵدەڕێژێ، ئەویش بەڕەنگی پەڕیوەوە لەبزربوونـــی خێزانەکەی خۆی ئاگاداری دەکات! شقارتەی لێوەردەگرێو دەگەڕێتەوە..
کەدێتەوەو بەلاشەی شەکەتەوە منداڵەکان بەسەردەکاتەوە، چی دەبینێ؟ کارەســـاتە، کارەســـاتی کەم وێنەیە، دەبینێ دوانی تریان بوونەتە قوربانی مەرگو رۆحی سپییان بەرەو ئاسمان هەڵکشاوە..
خاڵـــۆ تەنیـــا مـــردووەکان دەبینێ. مـــردووەکان ژمارەیان شەشـــە، چ کارەســـاتێکە؟ شـــەش جار جەرگ ســـووتان (ئەی ئەوانـــەی دیکە چییان لێهـــات؟).. خاڵۆ پاش ئەوەی (ئەمیرەو شـــنۆ) دەخاتە پاڵ چوارەکەی تر، بەدەوری خۆیدا چاوە بەقوڵاچووەکانی دەگێڕێو فرمێسک بەڕوومەتی ساردو ریشە ســـپییەکەیدا دێنە خوارێ، (خوای گەورە کوانێ سیروانی کوڕم، ئەی کـــوا کچەکەی ترم؟! ئەی کوانێ خوشـــکە گەورەکەیانو دوو کۆرپەکەی؟).. لەنێوان دوو پرسیاردا چۆک دادەدات:
*بەدیار تەرمی بێنازی شەش جگەر گۆشەوە بم؟
*یان بکەومە شوێن پێنجی تر؟!

## بەشوێن زیندووەکاندا

خاڵۆ لەخۆی پرسی:
– ئاخـــۆ دانیشـــتن بەدیـــار مـــردووەوە باشـــترە، لەشـــوێن کەوتنـــی زیندوەوەکان؟
هەر خۆی لەگەڵ توندکردنەوەی جامانە تەڕەکەیدا بەخۆی گوت:
– نا.. نا، باشتر نییە، با شوێنیان کەوم.
ئەملا گەڕا .. ئەولا گەڕا.. بانگو هاوار.. بێ سوودە.. دیاریان نییە..

خاڵۆ لەتاوا دەگریا.. کەفرمێسکی نەدەما چاوانی دەبڕییە ئاسمانی لێڵو لەگەڵ ئەودا سکاڵای دەکرد.. لەناکاودا دەنگی هاواری ژنێک رایچڵەکاند.. هەنگاوی کردە دووانو سیان، بەرەو دەنگەکە هەڵکشا.. گەیشتە ئاستی ئەشکەوتەکەو کچە گەورەکەی خۆی بینی کەبەدیار ساوایەکی مردوویەوە دەگریا..

– خودایە بوون بەحەوت..

باشە کچەکەم، کوانێ سیروانو دوانەکەی تر؟

ـ بابەگیان ئەوان واوە هاتنو منیش شوێنیان کەوتم، جێیان هێشتمو هاتمە ئەم ئەشکەوتەوە، لەباران خۆمان شاردەوەو ئەمیش لەباوەشمدا لاربووەوە..

گریاو قسەی تری بۆ نەکرا..!

## گەڕانەوە..

هەرچۆنێ بوو خاڵۆی ماندوو لەگەڵ کچەکەیو ساوای بێگیانیدا گەڕانەوە رووەو ئەللایی..

شەش پەپوولەی بێگیانیان لەدوای خۆیان جێهێشت.. دەشێ بەئەمانەت بەبەرانانی سپاردبن.. گەیشتن، لەدەرگایماڵێکیان دا، برانە ژوورێ، نانیان دەرخوارد درا، خزمەتیان کرا، دوای بەسەرهات گێڕانەوە خاوەن ماڵو میوانەکانی هەموو دایانە گریان.. دوای چەند ساتێ، هەموو پێکەوە چوونە بەرانان، دوای بڕینی رێگاو گەیشتنە شەش نازداری بێناز، خاڵۆ تایەر سەری رووەو لوتکەیەکی بەرانان هەڵبڕی، وەک ئەوەی پێی بڵێ:

ـ سوپاس هاوڕێی دڵسۆز، وا هەموویان بەتۆ دەسپێرم، با میوانی تۆبن، میوانی هەمیشەیی تۆ بن..

دوای ماوەیەک گۆڕی بەکۆمەڵی جەرگەکانی بەجێهێشتو گەڕانەوە.

## چارەنووسی دوو منداڵەکەی تری چی بوو؟

چوار ساڵ بەسەر کۆڕەوەکەدا تێپەڕی، هەموو رۆژێکی ئەو چوار ساڵە

خاڵۆی دڵ پڕ لەخەم ســـۆراخی دووانەکەی تری دەکرد کەلێی ون بووبوون، ســـۆراخی (سیروانو نەجمە)ی کچی.. دوای شەوو ڕۆژە درێژەکانی ئەو چوار ســـاڵە، لەشەوێکی چاوەڕواننەکراودا شاشـــەی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان (سیروان)ی نیشـــان دا.. خاڵۆ خەریک بوو لەهۆش خۆی بچێت.. بێژەرەکە گوتی:

ـ (ئەم کوڕە دۆزراوەتەوە، بەڵام کەڕو لاڵە..)!

ـ خوایە گیان بۆچ کەڕو لاڵە.. خۆ سیروانی دڵم دەنگی لەبولبول خۆشتر بوو.. خۆ ســـیروانی کوڕی تاقانەم بەنەرمە بانگ کردنێ، وەک ئاسکی وریا لەبەردەممدا قوت دەبووەوە.. خاڵۆ بەکوڕی کەڕو لاڵی شـــاد بووەوە.. پاش ماوەیەکی دیکە لەکەرکوکـــەوە هەواڵی دۆزینەوەی کچێکی کەڕو لاڵ بەخاڵۆ دەگات، دڵی دادەخورپێ، بەنەجمەی دەزانێ..

دەچێتە ســـۆراخی، بەڵێ خۆی بوو، نەجمە لەگەڵ ماڵێکی خێرەومەندا دەژیا.. هێنایەوە..

زۆر شـــتیان ســـەبارەت بەکەڕو لاڵ بوونی نەجمەو سیروان بۆ خاڵۆ باس کردووە، تەنانەت پرســـیاری پزیشکێکیشـــی کردووە، بەڵام ئێستاش نازانێو نازانێ.. نازانێ بەچی وایان لێهات، زۆر جار بیردەکاتەوەو دەڵێ:

– وەلێ کە بەدبەختم، لەهەشـــت منالی جوان تەنیا خاوەنی کچو کوڕێکی کەڕو لاڵم.. خودایە شکورم بەبەشی تۆ..

---

* سەرچاوەی نووسینی ئەم بابەتە زانیارییەکانی برای ڕۆژنامەنووسم (برایم محێدین عارف)ن کەلەزاری خاڵۆ تایەرەوە تۆماری کردوون.

## ســـەرنج

◈ یـــەک لەچیرۆکەکان کـــە (چاوەکانی تابان)ە بووەتە ناونیشـــانی نامیلکەکەم، بە یادو خۆشەویســـتی درامایەکی تیپی پێشـــڕەو-ەوە ناونراوە، کە لەنووســـینی کاک سمکۆ ناکام بوو، ساڵی ١٩٧٧پرۆڤەمان تیاکرد، بەڵام بەداخەوە تۆمار نەکرا.

◈ بابەتی یەکەم تا نۆیەم لەرۆژنامەی ئازیزی (ئاڵای ئازادی) لەساڵی ٢٠٠١داو دوا بابەتیان لە گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ)دا ژمارە (٢٧-٢٨)ی ساڵی ٢٠٠٢ بڵاوکراونەتەوە.

◈ بابەتی یانزەیەم تا ســـیانزەیەم یەکەمین جـــار لەڕۆژنامەی ئازیزی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوبوونەتەوەو دوای ئەویش لە کتێبی (کەئاگر دەریای خامۆش کرد)دا بڵاوکراوەتەوە کەساڵی ٢٠٠١ چاپکراوە.

## سوپاسو پێزانین

ئەرکی لەچاپدانی ئەم کتێبە، خوشکەزای بەڕێزم ئەندازیار (کەریم عەبدولقادر ئەحمەد) لەئەستۆی گرتووە، زۆر سوپاسی دەکەمو بەهیوام نموونەی کاک کەریم بۆ خزمەتی ڕووناکبیریی کوردیی هەر زۆربن.

**ی.ق.بەرزنجی**

## پێرست


- نازدار یان ئەو ژنەی گیرۆدەی دەست گومانە ٥
- چاوەڕوانی یان بەرێکردنی ساتە مردووەکانی ژیان ١١
- چاوەکانی تابان ١٧
- بەر لەوەی سکالآم بەرمە گڵەوە ٢٣
- زیندە بەچاڵ کردنی خەونی گوڵێک ٢٩
- زامە سارێژ نەبووەکان ٣٥
- پرسیارێکی بێ وەڵام ٤١
- بەدیار تارمایی مەرگەوە ٤٧
- شەوێکی رووناک ٥٣
- میهرەبان ٦١
- با گۆرانیەکەی جاران بڵێینەوە ٦٧
- کە ئاگر دەریای خامۆشکرد ٧٧
- کاتێ رۆڵەکانی گەرمیان بوونە میوانی بەرانان ٨٧
- سەرنج ٩٤